ص:18-42 المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# پێگەی خوێنەر لە هونەری میتارۆماندا...
## ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" و "گێلاسی خوێن"ی عەتا محەمەد بە نموونە

بێستون عارف عەزیز[1]، هیوا كريم حسين[2]

[1]بەشی پەروەردەی گشتی، زانكۆی جیهان- سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[1,2]بەشی زمانی كوردی، كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

bestun.aziz@sulicihan.edu.krd [1], bestun.aziz@univsul.edu.iq[1], hiwa.husein@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

میتارۆمان نوێترین هونەری گێڕانەوەگەری ڕۆمانە، کە گێڕانەوەی پێشخۆی و ئاسایی تێدەپەڕێنێت، بەرهەمی گەشە و پێشکەوتنەکانی دونیای ئەدەبی پۆستمۆدێرنەیە، کە ئاراستەی کارکردنی ڕۆمان بۆ خودی خۆیەتی نەک دەرەوەی خۆی، جگە لەوەش ئەم هونەرە جەخت لەسەر توخمە سەرەکییەکانی بونیادی ناوەی خۆی دەکاتەوە، دیارە ئەمەش بە کاراکردنی تەکنیکەکانی لەشێوەی: بەشدارپێکردن و دواندنی خوێنەر- گێڕانەوە لەنێو گێڕانەوە- نووسین و کۆمێنتدانی ڕەخنەیی لەسەر جۆرایەتی نووسینی دەق و بابەتی ڕەخنەیی دیکە، بەمەش ئامانجدارانە دەیەوێت پێوەندییە دیالێکتیکییەکانی نێوان "نووسەر- دەق- خوێنەر"، پێوەندییە لێکنەپچڕاوەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ هەڵبووەشێنێتەوە.

**کلیلە وشە:** میتارۆمان- خوێنەر- گێڕانەوە- خەیاڵ- عەتا محەمەد.

**الملخص:**

تعد الميتاروایة، احدى أحدث فنون السرد للرواية، التي تسبق السرد وتمر بشكل سلس، وهي نتاج النمو والتطور في عالم الادب في عصر ما بعد الحداثة التي توجه أعمال الرواية الى ذاتها وليس إلى ما هو يقع خارجها، فضلا عن ذلك فإن هذا الفن يؤكد على العناصر الرئيسة التي تسهم في بنائه، ويتضح ذلك طريق تفعيل بعض التقانات من مثل: المشاركة، ومحاورة القارئ، والسرد داخل السرد، والكتابة والتعليق النقدي على كيفية كتابة النص الأدبي، والمواضيع النقدية المختلفة، وبهذا الشكل المثمر يحاول تفكيك العلاقات الجدلية بين "الكاتب– النص– القارئ"، وعلاقات الاتصال المتقطع بين الواقع والخيال.

**الكلمات المفتاحية:** ميتاروایة، القارئ، السرد، الخيال، عطا محمد.

**Abstract:**

The meta-novel is an advanced narrative form within the novelistic tradition that has emerged as a symbol of postmodern literary growth. This genre goes beyond traditional storytelling approaches by emphasizing self-referentiality and questioning the distinction between fiction and reality. Unlike standard narratives, the meta-novel engages in self-examination, emphasizing internal construction above external depiction. It accomplishes this through techniques like as reader engagement and dialogue, tales nested inside narratives, and critical comments on the writing process. The meta-novel aims to disrupt the usual dialectical relationship between writer, text, and reader, resulting in a more engaged and self-aware literary experience.

**Keywords**: Meta-novel, Reader, Narrative, Imagination, Ata Mohammed.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پێشـــەکی**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی شیکارییانەیە بۆ ناساندن و تێگەیشتن لە هونەری میتاڕۆمان وەك تەکنیکێکی نوێی دونیای نووسینی ڕۆمان و ڕوونکردنەوەی شێوە جیاوازەکانی ئەم هونەرە پەیوەست بە خوێنەرەوە، کە خۆی لە چەند لایەنێکی تیۆری و پراکتیکیدا دەبینێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکردووە کە ئەوانیش:

بەشی یەکەم وەک بەشێکی تیۆری بریتییە لە تێگەیشتنە جیاوازەکانی لایەنی تیۆری و مێژوویی هونەری میتاڕۆمان، کە لە سێ پار پێکدێت، پاری یەکەم تەرخانکراوە بۆ زاراوە و چەمکی میتاڕۆمان. پاری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ پێناسە جیاوازەکانی هونەری میتاڕۆمان. هەرچی پاری سێیەم و چوارەمیشە بۆ سەرهەڵدان و مێژووی هونەرەکە لە ئەدەبیاتی جیهانی و کوردیدا تەرخانکراوە.

بەشی دووەم وەک بەشێکی پراکتیکی بۆ ئەو شێوە و تەکنیکە جیاوازانەی میتاڕۆمان تەرخانکراوە، کە ئەرک و کارنامەی جیاواز بە خوێنەر دەبەخشن و بە نموونەی پراکتیکی هەردوو ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" و "گێلاسی خوێن"ی عەتا محەمەد گوزارشتمان لێ کردووە، کە ئەمیش لە سێ پار پێکدێت: پاری یەکەم تایبەتە بە تەکنیکی بەشداریپێکردن و دواندنی خوێنەر، پاری دووەمیش بۆ تەکنیکی گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە یان چیرۆک لەناو ڕۆمان یان ڕۆمان لەناو ڕۆمان تەرخانکراوە. پاری سێیەمیش بۆ تەکنیکی نووسین و کۆمێنتدان لەسەر چۆنێتی نووسینی ڕۆمان تەرخانکراوە، کە هەوڵمانداوە بە بەڵگە و زانستییانە شرۆڤە لەسەر هەر تەکنیکێکی میتاڕۆمان بکەین و بە پاڵپشتی سەرچاوە و دید و هەڵهێنجاندنێکی ڕەخنەیی قسەیان لەسەر بکەین.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە**

لەناو دونیای ڕەخنەی ڕۆمانی کوردیدا کەمترین ئاوڕدانەوە لەسەر ئەم هونەرە هەیە، لەکاتێکدا نوێترین تەکنیکی نووسینی ڕۆمانە و لە ئەمڕۆدا زۆرترین توانای داهێنانکاری تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەمە جگە لەوەی ئاوڕدانەوەیەکە لە شیکاری و هەڵسەنگاندنی دوو ڕۆمانی عەتا محەمەد، کە یەکێکە لە ڕۆمانووسە هاوچەرخەکانی نێو ئەدەبی کوردی ئەمڕۆمان و بە ئەزموون و دونیابینییەکی نوێوە هاتووەتە ناو کایەی نووسینی ئەم جۆرە تەکنیکە و ڕۆمانەکانی زۆرترین ڕەنگدانەوەی ئەم هونەرە لەخۆدەگرن.

**سنوری توێژینەوەکە**

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەیەکی سنوربەندیی تیۆری هونەری میتاڕۆمان و پراکتیکی هەردوو ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" و "گێلاسی خوێن"ی عەتا محەمەددا کاردەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا بە پاڵپشتی میتۆدی استقرائی سوود لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگیراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

خستنەڕووی پوختەیەک لە ناساندن و مێژووی هونەری میتاڕۆمان و تەکنیکە جیاوازەکانی لەگەڵ ڕوونکردنەوە و کاریگەریی پێگەی خوێنەر لەناو کایەی کارکردنی ئەم تەکنیکە و ڕۆڵی لە داهێنان و ئەفراندنی ئیستاتیکای گێڕانەوە لە هەردوو ڕۆمانی عەتا محەمەددا.

**گرفتی توێژینەوەکە**

کەمی توێژینەوە و ژێدەری ئەکادیمی بە زمانی کوردی لەسەر هونەری میتاڕۆمان و بەربڵاوی و زۆری شێوە و تەکنیکە جیاوازەکانی لە هەردوو ڕۆمانی عەتا محەمەددا، کە وای کردووە جۆرێک لە تێکڕژان و ئاڵۆزی لە شیکاری و هەڵسەنگاندنەکاندا دروست ببێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێك ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو، لەگەڵ پۆلێنکردن و ڕیزبەندیی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بە سیستەمی هارڤارد.

**بەشی یەکەم/ دەروازەیەکی تیۆریی بۆ تێگەیشتن لە هونەری میتارۆمان**

**پـــاری یـەکـــەم/ چـــەمک و زاراوەی میتـــارۆمـــان**

ئەگەر لە وشەی میتاڕۆمان وردبینەوە دەبینین خاوەنی کۆمەڵێک فۆرم و واتای جیاوازی تایبەت بە خۆیەتی، هەر یەکە لەم فۆرم و واتایانەش دەربڕی دید و دونیابینی زمانی و مەعریفی و فەرهەنگی نەتەوە جیاوازەکانە.

سەرەتا وشەی میتاڕۆمان لە لێکدانی هەردوو وشەی "میتا" و "ڕۆمان" دروستبووە، ئەگەرچی وەک بەکارهێنان زۆر پێش ئەم وشەیە هەردوکیان لە ناوکۆیی و چوارچێوەی بەکارهێنانی جیاوازدا بەکارهاتوون. پەرەسەندنی داڕشتەی زاراوەی میتاڕۆمان بۆ هەوڵەکانی زمانناس ل. یلمسلێف دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی "1961"دا پەرەی بە زاراوەی "میتازمان- Metalanguage" داو بەوە پێناسەی کرد کە ((ئەو زمانەیە لەبری ئەوەی ئاماژە بە ڕاستی و بارودۆخ و شتە نازمانییەکانی جیهان بکات، ئاماژە بە زمانێکی دیکە دەکات و زمانێکی دیکە وەک بابەتی خۆی وەردەگرێت))(جاسم: 2005، 24). لێرەشەوە دەتوانین بڵێین هەر لە سەرەتاوە زاراوەی میتاڕۆمان لە زاراوەی میتازمانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە بۆ یەکەمین جار گەورە تیۆریست و فەیلەسوف و ڕۆماننووسی ئەمریکی ویلیام گاس "William Gass 1924-2017" لە کتێبی "ئەدەبیاتی خەیاڵی و فۆرمەکانی ژیان- Fiction and the Figure of life" لە ساڵی "1970"دا زاراوەی "میتاڕۆمان"ی بەکارهێناوە(Gass: 1970, 25)، بەڵام گەورە ڕەخنەگری ئینگلیز و شارەزا لە ئەدەبیاتی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە "پاتریشیاوو" "Patricia Waugh 1956-..." وەک یەکێک لە یەکەمین ڕەخنەگران کە کاری لەسەر میتاڕۆمان کردووە زیاتر چوارچێوەی بۆ دانا و چەمکەکەی چڕکردەوە و بەشێوەی میتاڕۆمان لە کتێبی "Metafiction" پێناسەیەکی وردو زانستی بۆ کرد(Patricia: 1984, 2).

لە فەرهەنگی "The Azadi"دا لە ناساندنی وشەی "Meta"دا وەک پێشگرێک و وشەیەکی کۆنی یۆنانیدا بە مانای ((شێوە گۆڕان- لەولا- لەوپەڕ- لەپاش- ئەودیو- بەرزتر- لەسەرتر...تاد))(Karadaghi "PhD": 2012, 581) هاتووە. بۆیە سەرەتای بەکارهێنانی وشەکە بۆ زمان و فەرهەنگی گریکی دەگەڕێتەوە، دواتر وشەکە چووەتە ناو زمانی ڕۆمانی و هەندێک لە زمانە ئەوروپییەکانی تر و زیاتر ((بەو دیوارە دەگوترا کە بۆ ئەسپ و عەرەبانە دروستدەکرا و وەکو لەمپەر و بەربەستێک دادەنرا، تا لە ئاراستەیەکەوە بۆ ئاراستەیەکی تر بچێت))(حاجی- کریم: 2022، 441- شابو: 2018، 19). هەروەها لە فەرهەنگی " Longman Dictionary of Contemporary English- for advanced learners"دا وشەی "Meta" وەک پێشگرێک بە مانای ((ئاستێکی بەرزتری هەر شتێک، یان ئاستێکی بەرزتر لە دەرەوەی شتە فیزیکییە ئاساییەکانی پەیوەست بە گۆڕینی پێگەی هەر شتێک، بۆ نموونە کاتی گۆڕینی خواردن بە وزە، وزە ئاستی گۆڕان و بەرزتربووی خواردنە...تاد))( Longman Dictionary: 2009, 1098). هەروەها لە فەرهەنگی "A Dictionary of Stylistics"دا وشەی "Meta" وەک پێشگرێک بە واتای جۆراوجۆر هاتووە لەوانە: ((لەودیو- دوای- لەگەڵ...تاد و لە زمانەوانی و لە تیۆری ئەدەبیدا لە ساڵانی شەستەکان بەدواوە بە مانای "لەودیو- لەسەروو" هاتووەتەئاراوە و بووەتە هۆی بەرهەمهێنان و دروستکردنی زۆر زاراوە و وشەی تر لەوانە: " Met language- Met criticism- Met drama- Meta theatre- Metaphor- Met fiction- Meta roman- Meta text- Meta grammar- Metamorphosis..Etc." دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەو کاریگەریی ئەم پێشگرەیە لە بەشداریکردنی کارای لە بوارە تیۆرییەکانی فەلسەفە و زمان و ئەدەب و هونەر و ڕەخنەو...تاد))(Wales: 2014, 263).

لای هەندێک لە نووسەر و توێژەران وشەی "Meta" مانا و تێگەیشتنێکی نوێ و سەردەمیانەی لێ باردەکەن، بە جۆرێک کە پێیان وایە وشەی میتا بچێتە سەر هەر وشەیەکی تر ئەوا واتای تێپەڕاندنی مانای ئەو وشەیە و ((خولیایەکی خۆدەربازکردنە لە کۆت و بەند و یاسا و ڕێسا و داب و نەریت و چەقگەراییە ئوسوڵییەکان کە لە نووسینی نوێدا ئەنجام دەدرێت))(سەڕاج: 2018، 80-81). لێرەشەوە هەر وشەیەک مەبەستمان بوو جۆرێک لە مامەڵەکردنی نوێی لەگەڵدا بکەین و لە کۆت و بەندی تێگەیشتنی جێگیر لای بدەین و هەوڵی تێگەیشتنێکی نوێ و مامەڵەیەکی فراوانتری لەگەڵدا بکەین، ئەوا ڕاستەوخۆ دەتوانرێت وشەی "Meta"ی لەپێشدا دابنێین، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین واتا و کارنامەیەکی نوێ لە وشەکە بار بکەین بەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ هەڵهاتن یان لادان لە دۆخی چەسپاوی هەر بابەت و شتێک کە چەسپاوە و خاڵی تێپەڕاندنی تێدا سفرە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کەواتە وشەی میتا برگەیەکە یان پێشگرێکە بەردەوام دەکەوێتە پێش وشەکان و بەپێی ئەو وشەیەی دەچێتەسەری وشە و زاراوەی نوێ دروستدەکات و واتا و مەبەستی جیاواز بەدەستەوە دەدات، بەڵام بەگشتی و بە لێوردبوونەوەمان لە فەرهەنگ و سەرچاوە جیاوازەکان هەڵگری ئەم پێنج مانایەی لای خوارەوەیە کە بریتین لە:

1- دیوار یان لەمپەر و بەربەست، یان هەر شتێک جیاکەرەوەی ئاراستەکان بێت.
2- لەگەڵ، لەپشت، لەپاش، ئەمەش بە واتای ئەوەی لەپشت و لەپاش و دوای ئەو بابەتە چی هەیە و چی دەگوزەرێت. لەودیوتر و بانتر، یان بەرزتر و سەرووتر لەو بابەتە چی دەگوزەرێت، ئەمەش بەواتای بەجێهێشتنی ئەو بابەتەی کە وشەی میتای دەچێتەسەر و گەیشتن بە سنوور و تێگەیشتنی فراوانتر و تێپەڕاندنی.
3- نوێتر، ئەمەش بەواتای ئەوەی لە بابەت و شتی نوێ نوێتر، بۆ نموونە ژانری ڕۆمان نوێترین ژانرە، بەڵام کاتێک وشەی "میتا"ی دەچێتەسەر ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕۆمان نوێتر.
4- بەپێی ئەو چوارچێوە و پێگە و حاڵەتەی تیایدا بەکاردێت بە واتای ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاریش دێت، هەروەک چۆن لە پێکهاتەی وشەکانی: (میتامۆرفیس- میتافۆر- میتافیزیک- میتاڕۆمان- میتازمان...تاد)دا بەشدارە، کە هەریەکەیان خاوەنی واتا و مەبەستی تایبەت بە خۆیانن.
5- دەربازبوون و تێپەڕاندن لە دۆخی جێگیر و چەسپاوی هەر بابەت و شتێک.

هەرچی وشەی دووەمیشە بریتییە لە "Roman" کە لە زاراوەی "Romance" ڕۆمانسی سەدەکانی ناوەڕاستەوە داتاشراوە، کە بە مانای بەرهەمی داستانئامێز یان چیرۆکئامێزی دێت(ف. کوزینوف: 1986، 37). وشەی "Roman" یان "Novel" لە زمانی ئینگلیزی و زۆربەی زمانە ئەورووپییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم وشەیە لە سەرەتادا لە وشەی "Novella" نۆڤێلای ئیتاڵییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای "شتی بچووکی نوێ" دێت و دواتر بووە بە "Novel"(هادی: 2004، 96). هەروەها بۆ چیرۆکی کورت و پەخشانئامێزیش هەر ئەم وشەیە بەکاردێت، کە بە واتای "نوێ" هاتووە و وەک بەرهەمی کۆمەڵگەی نوێخوازیش لێی ڕوانراوە. هەرچۆنێک بێت لە ئێستادا زاراوەی ڕۆمان دەربڕە لە ناسنامە و جیاکردنەوەی ژانرێکی بەربڵاو و هاوچەرخ و باوی ئەدەبی کە "ڕۆمان"ە.

بە لێکدانی هەردوو وشەی "Meta" و "Roman" وشەیەکی نوێ هاتووەتەئاراوە کە "Metroman"ە. ئەم زاراوەیە لە زۆرێک لە سەرچاوەکاندا بەرامبەر بە وشەکانی "Metnarrative" و "Metafiction"ی ئینگلیزی وەک هاوواتا ناساندویانە، دیارە ((ئەم وشەیەش لە دوو بەش پێکهاتووە، "Meta" واتە سەروو یان ئەودیو و "Fiction"یش بە واتای ئەدەبیاتی گێڕانەوە یان خەیاڵی دێت، دیارە بە لێکدانی هەردووکیان دەبێتە واتای سەروو گێڕانەوە یان ئەودیو خەیاڵ))(غازی- عادل: 2021، 17).

میتاڕۆمان وەک زاراوە کێشە و گرفتی زۆرە، چونکە لەجێی ئەم زاراوەیە لەناو زۆرێک لە فەرهەنگە ئەورووپییەکاندا گەلێک زاراوەی تر وەک هاوواتا بەکارهێنراون، کە ئەگەر لە فۆرم و ڕوخساری دەرەوە و دەربڕینیشدا جیاواز بن، لە پێناسە و ناساندنە گشتییەکانیاندا وەک یەکن و دەچنەوە سەر یەک مەبەست و ناوەڕۆک.

لە فەرهەنگی (The Concise Oxford Dictionary of Literary Term)دا بەمشێوەیە زاراوەی میتاڕۆمانی ناساندووە: ((1-ڕۆمان دەربارەی ڕۆمان، یان جۆرێک لە ڕۆمانە کە بەئاشکرا کۆمێنت لەسەر پێگەی ڕۆمانبوونی خۆی دەنووسێت. 2-ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەو ڕۆمانانە بەکاردەهێنرێت کە لە ڕۆمانبوونی خۆیان بەئاگان و پەنادەبەنە بەر هەندێک شێوە گێڕانەوەی تایبەتی وەک: داوای لێبوردنکردن لە خوێنەر، یان پێشکەشکردنی بەدیل و جێگرە بۆ نووسینی ڕۆمان))( Baldick: 2001, 151).

لە زمانی عەرەبیدا چەند زاراوەیەکی جیا جیا بۆ هونەری میتاڕۆمان بەکارهێنراوە، واتە نەتوانراوە لەسەر یەک زاراوەی یەکگرتوو کۆک بن، دیارە ئەمەش بۆ ((ناتەبایی لە بواری وەرگێڕانی وشە و زاراوە ئەورووپییەکاندا دەگەڕێتەوە، کە لە ناوەندیی مەعریفییە عەرەبییەکاندا وەرگێڕانێکی یەکگرتوو بەدی ناکرێت، ئەمە جگە لە خودی پێشگری "میتا" کە کێشەی لەسەرە و ئەو وشەیەی تر کە لەگەڵیدا فۆرمەلە دەکرێت، دەبێتە ناوی ئەو بوارە مەعریفییە و دواتر شێوە وەردەگرێت))(خریس"د": 2001، 21). هەر بۆیە لە ڕەخنەی عەرەبیدا بە مەبەستی زیاتر لێکنزیکی و هاومانایی زاراوە ئەورووپییەکە، هەوڵیان داوە لەگەڵ تایبەتمەندێتیی زمانی عەرەبی بیگونجێنن و وشەیەکی لەناو فەرهەنگی زمانەکە بۆ بدۆزنەوە، بۆ نموونە: عباس عبد جاسم لە کتێبی "ماوراء السرد- ماوراء الرواية" هەردوو زاراوەی "ما وراء السرد" و "ما وراء الرواية"ی بەکارهێناوە(جاسم: 2005، 25). هەروەها فاضل ثامر لە کتێبی "المبنى الميتا- سردي في الرواية" دیسان زاراوەکانی "ما وراء السرد" و "ما وراء الرواية "ی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەکارهێناوە(ثامر: 2013، 7). هەروەها محەمەد قازی لە کتێبی "معجم السرديات"دا زاراوەی "قصة على قصة"ی بۆ بەکارهێناوە(القاضي: 2010، 335).

هەندێک لە توێژەرانی دی بواری گێرانەوەو ڕەخنەی عەرەبی، ڕاستەوخۆ زاراوە ئەوروپییەکەیان بەکارهێناوە و لەگەڵ دونیای ڕەخنە و گێرانەوەگەریی عەرەبیدا بە گونجاندنی لەگەڵ لایەنی فۆنۆلۆژی و تایبەتمەندێتیی زانستی زمانی عەرەبی زیاد لە زاراوەیەکیان بۆ پێشنیاز کردووە، بۆ نموونە دکتۆرە آراء عابد الجرماني لە کتێبی "الميتا سرد في الرواية العربية" زاراوەی "الميتا سرد"ی بەکارهێناوە(الجرماني: 2022) و جميل حمداوي لە کتێبی "الميتا سرد في القصة القصيرة بالمغريب" دیسان زاراوەی "الميتا سرد"ی بەکارهێناوە(حمداوي: 2018، 8-9). هەروەها سعيد يقطينيش لە کتێبی "قضايا الرواية العربية الجديدة" زاراوەی "الميتا رواية"ی بەکارهێناوە(يقطين: 2012، 123). جگە لەمانەش احمد خريس لە کتێبی "العوالم الميتاقصية في الرواية العربية" دوای چەند شیکاری و ڕەخنەگرتنێک لە چۆنێتی هەندێک ناونان و زاراوە دانان لە لایەن توێژەرانی تری عەرەبییەوە، زاراوەی"الميتا قصة"ی(خريس: 2001، 27) بۆ ئەم هونەرە لە هەموو زاراوەکانی تر لەلا گونجاو و زانستیترە و پێی وایە لە هەموو زاراوەکانی دی مەبەستپێکتر و نزیکترە لە بنەچەی تێگەیشتنی واتایی وشەکە.

لە زمان و فەرهەنگی فارسیشدا چەندین زاراوە بۆ ئەم هونەرە بەکارهێنراوە، دیارە بەهۆی کاریگەریی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەسەر زمانی فارسی، وای کردووە توێژەران و ڕەخنەگران دارشتەی زاراوەکە بە ڕەچاوکردنی لایەنی فۆنەتیکی زمانی فارسی لەژێر کاریگەریی ئەو دوو زمانە بسازێنن، بۆ نموونە سیما داد لە کتێبی "فرهنگ اصطلاحات ادبی"دا هەردوو زاراوەی "فرا داستان و ورا داستان"ی بەکارهێناوە(داد: 1378،360). دیارە وشەی"فرا"ش لە زمانی فارسیدا بە مانای ((ئاڕاستەی بەرەوپێش یان باڵاتر و سەرووتر یان دوورتر لە دەرەوەی دەستڕاگەیشتن))(صدری افشار- حکمی: 1381، 945)دێت، هەرچی وشەی "ورا"شە بە کاریگەریی زمانی عەرەبی چووەتە ناو زمانی فارسی و وەک وەرگێران و هاوواتای وشەی "Meta"ی زمانی ئینگلیزی دایانناوە. هەروەها جمال میر صادقی و میمنت میر صادقیش لە کتێبی "واژە نامە هنر داستان نویسی"دا جگە لە بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەی پێشتر زاراوەی "فرا روایت"یشیان بەکارهێناوە(میرصادقی- میرصادقی: 1387، 141)، کە دیسان هەر مەبەستیان هونەری میتاگێڕانەوە یان میتاڕۆمانە.

ئەوەی پێوەندیی بە ڕەخنەی ئەدەبی و زمانی کوردیشەوە هەیە وەک لە سەرچاوە بەکارهاتووەکانماندا دەردەکەوێت، ئەوا توێژەران و نووسەران چەند زاراوەیەکی جیاجیایان بۆ بەکارهێناوە لەوانە: (میتاڕۆمان- لە پاش ڕۆمان- میتاچیرۆک-میتافیکشن- میتاگێڕانەوە- میتادەق- ئەودیوی گێڕانەوە- میتاسەرهات...تاد).

ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە سەرنجی بخەینە سەر ئەوەیە کە لە هەموو ئەو وتار و توێژینەوانەدا جگە لە "عەبدوڵڵا سەراج" کە زاراوەی "لە پاش ڕۆمان"ی بۆ ناونیشانی وتارەکەی و هونەرەکە بەکارهێناوە، هەوڵی داوە وشەی "Meta" بە "لە پاش" وەربگێڕێت و سیمایەکی کوردانەی پێببەخشێت، ئیتر هەموو توێژەر و نووسەرانی تر وەک خاڵی هاوبەشیان بەگشتی وشەی "میتا"یان وەک برگەی یەکەم و وشە ئەوروپییەکە بۆ سازاندن و پێکهاتەی زاراوە کوردییەکە بەکارهێناوە، دیارە ئەمەش بەبێ هۆ نییە و دەرئەنجامی ئەوەیە کە وشە و پێشگرێکی ورد و مەبەستپێکمان لە زمانی کوردیدا نییە، کە بەتەواوەتی و پڕاوپڕ وەرگێرانی وشەیی وشەی "Meta" ئینگلیزییەکە بێت، بۆیە وەک وشەیەکی چالاکی بواری کایە مەعریفییە جیاجیاکان و وەک ئەو سەدان و هەزاران وشەیەی بۆ بواری زانستە جیاوازەکان وەرمانگرتوون و بەکارمانهێناون، ئەوا ئەم وشەیەش ڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ توێژینەوە و کایەی ڕەخنەییمان وەرگرتووە.

هەرچی پێکهاتەی دووەمی زاراوەکەشە ئەوا لەناو نووسەر و توێژەرانی ڕەخنەی کوردیدا جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان بەپێی شوناس و جۆری کارکردنی توێژینەوەکەیان ناوێکیان بۆ داناوە لەوانە: چیرۆک- ڕۆمان- سەرهات- گێڕانەوە- فیکشن- دەق...تاد.
ئێمە پێمان وایە زاراوەی "میتاڕۆمان" بۆ ئەم هونەرە بۆ کارکردن لە بواری توێژینەوە لە ڕۆماندا ورد و زانستییە و تووشی کێشەی وەرگێرانی زاراوە ئینگلیزییەکەش نابین، جگە لەوەش مەبەستپێکانە دەتوانین لە توێژینەوەکانماندا بەکاریبهێنین، چونکە ئەگەر هەوڵێشمان دا وشەی "Meta" بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێرین، ئەی چی لە وشەی ڕۆمان بکەین؟! کە وەک وشەیەکی خواستراوی بواری هونەر و ئەدەب و ڕەخنە ساڵەهای ساڵە خۆی خزاندووەتە ناو فەرهەنگ و بەکارهێنەرانی زمانی کوردییەوە، کە دیارە یەکەم بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش بۆ حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە*[2].

هەرچی زاراوەی "میتاگێڕانەوە"شە زیاتر بۆ بواری توێژینەوە لە کورتەچیرۆک و چیرۆک و تەنانەت ڕۆمانیش گونجاوە، یان دەتوانین زاراوەی "میتاچیرۆک" بۆ توێژینەوەی پەیوەست بەم هونەرەوە بۆ کورتەچیرۆک و چیرۆک بەکاربهێنین، بەڵام کاتێک

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

زاراوەی "میتاڕۆمان"مان بەکارهێنا ئیتر نابێت کەرەستەی پراکتیکی توێژینەوەکەمان چیرۆک یان کورتەچیرۆک بێت، چونکە کارێکی نازانستیی دەردەچێت و ناونیشان و ناوەڕۆک یەک ئاڕاستەی ڕەخنەیی بە خۆیان وەرناگرن. ئەمە جگە لەوەی لە چەمک و تێگەیشتنی هونەری میتاڕۆمان بە واتا و تێگەیشتنە ئەوروپییەکەی دوور دەکەونەوە، بەڵام کاتێک زاراوەی "میتاگێڕانەوە"مان بۆ ناونیشانی وتار یان توێژینەوەیەک بەکارهێنا، ئەوا ئاساییە ڕۆمان نەبێت و چیرۆک بێت، بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین زاراوەی "میتاگێڕانەوە" بۆ توێژینەوەی بواری کورتەچیرۆک و چیرۆک و ڕۆمانیش دەستدەدات، بەڵام "میتاڕۆمان" تەنیا بۆ توێژینەوە لە بواری ڕۆماندا دەستدەدات، هەر بۆیە توێژینەوەکەی ئێمەش چونکە لەسەر ڕۆمانەکانی یەکێک لە ڕۆماننووسە هاوچەرخەکانی کوردە، ئەمە جگە لەوەی زۆرترین تەکنیک و تایبەتمەندیی هونەری میتاڕۆمانی لە ڕۆمانەکاندا بەکارهێناوە، بۆیە بە ئاسایی و زانستی زاراوەی میتاڕۆمانمان بۆ ناونیشانەکەمان بەکارهیناوە.

**پـــاری دووەم/ پێناسە جیاوازەکانی هونەری میتـاڕۆمـــان:** سەرەتا زۆرێک لەو پێناسانەی بۆ هونەری میتاڕۆمان کراوە پێیان وایە ئەم هونەرە هیچ نییە جگە لە مامەڵەکردنێکی نوێ لەگەڵ پرۆسەی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، بۆیە لە دووتوێی پێناسەکردنی هونەری گێڕانەوەگەری و تایبەتمەندییەکی نوێ دەڕواننە ناساندن و خەسڵەتی میتاڕۆمان، هەر بۆیە لەبری زاراوەی "میتاڕۆمان- Metaroman" زاراوەی "میتاگێڕانەوە- Metanarrative" پێشنیاز دەکەن، چونکە سەرجەم تێگەیشتنەکانیان بە گێڕانەوە و تەکنیک و نوێگەرییەکانیانەوە دەبەستنەوە.

میتاڕۆمان لە تیۆری ئەدەبدا زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ئەو خەیاڵەی تێیدا نووسەر بەئاگاییەوە ئاماژە بە دروستکراوی و ئەدەبیبوونی دەق دەکات، لەگەڵ کارکردن لەڕێگەی گێڕانەوەی گاڵتەئامێز و دەرچوون لە نەریتەکانی ڕۆمان، بەتایبەتی نەریتە ئاساییەکان و تەکنیکە چەسپاوەکانی گێڕانەوە(حاجی- کەریم: 2022، 443).

ویلیام گاس"William Gass" وەک یەکەمین بەکارهێنی زاراوەکە و وەک تیۆریست و فەیلەسوفی ئەمریکی لە بواری تیۆری ئەدەبی و نووسینی بەرهەمی خەیاڵی، میتاڕۆمان بەتوندی بە خەیاڵەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە ((جۆرێکە لە خەیاڵ کە سەرنجی لەسەر خۆیەتی و سەرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ئەمە جگە لە وروژاندنی پرسیار سەبارەت بە خەیاڵ و واقیع))( Gass: 1970, 2). یان ((خەیاڵە دەربارەی خەیاڵ، ڕۆمانێکە بانگەوازی گرنگیدان بە پێگەی خەیاڵی خۆی و ڕەگەزەکانی بۆ خوێنەر دەکات))(Lodge: 1993, 206). ئامانجی جوانکاری خەیاڵی هەر ڕۆمانێکیش بریتییە لە گێڕانەوە و دروستکردنی جیهانێکی زارەکی و وشەیی لەسەر ڕووبەری کاغەز یان شێوەیەکی دی لە جیهانێکی لەو جۆرە، چونکە گێڕانەوە تۆمارێکە لە هەڵبژاردنەکانی ژیان بەبێ ئاگاداری یان بە ئەنقەست نووسەر بە هەموو ئەگەرەکانی زمانەوە دەینوێنێت، بۆیە ئەگەر ئامانجی جوانناسی خەیاڵ دروستکردنی جیهانێک بێت ئەوا نووسەر ئەفرێنەری ئەو جیهانەیە و ڕۆماننووس بەئاگا یان بێئاگا بنەما جوانکارییەکان لەناو خەیاڵی ڕۆماندا بەکاردەهێنێت(Ellis- B. A: 1978, 6).

یەکێک لە ناودارترین پێناسەکان کە بۆ هونەری میتاڕۆمان کرابێت کە لەسەر ئاستی جیهان پێناسەیەکی دیار و زانستییە لەلایەن ڕەخنەگر و لێکۆڵەری بەناوبانگی ئینگلیز پاترشیاووە کراوە لە کتێبە بەناوبانگەیدا بەناونیشانی" Metafiction The Theory and Practice of Self-Conscious Fiction" کە ساڵی "1984" بڵاویکردووەتەوە و دەڵێت: ((میتاڕۆمان بە نووسینێکی خەیاڵی یان چیرۆکئامێزی دەگوترێت کە بەشێوەی خۆئاگا و سیستماتیک سەرنجی خوێنەر بۆ پێگە و تایبەتمەندیی دەستکردی خۆی ڕادەکێشیت، تا لەوێوە پرسیار لەبارەی پێوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیع یان ڕۆمان و خەیاڵ بخاتەڕوو))(Patricia: 1984, 2). ئەوەی لەم پێناسەیەی پاترشیاوودا گرنگە ئەوەیە کە لە چەند لایەنێکەوە هونەری میتاڕۆمانی خستووەتەڕوو لەوانە:

1/ گرنگیدان بە خوینەر و سەرنجڕاکێشانی.
2/ پێکهاتەی ڕۆمان لەم جۆرە ڕۆمانانەدا پێکهاتەیەکی هونەریی خودئاگایە، کە بە ئاگاییانە قسە لەسەر خۆی وەک سیستەمێکی گێڕانەوەگەری دەستکرد دەکات، ئەمە جگە لە باسکردنی چۆنێتی ئەفراندنی ڕۆمان وەک هونەری داهێنانکاری ئەدەبی و تەکنیکسازی.
3/ وروژاندن و گرنگیدان بە پێوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیع و دۆزینەوەی کاریگەری و جۆری پێوەندییان.

دەتوانین بڵێین میتاڕۆمان ((ڕۆمانێکە لەبارەی ڕۆمانەوە، بەوردی سەرنج دەخاتە سەر گێڕانەوە و شوناس و ناسنامەکەی))(Hutcheon: 1980, 12). لە ڕوانگەی ئەم دوو پێناسەیەوە دەتوانین بڵێین میتاڕۆمان هونەرێکە کار لەسەر ڕەگەزە سەرەکییەکانی خەیاڵی گێڕانەوە دەکات و لێیان ورددەبێتەوە، دوای باسکردنیان هونەریبوونیان ئاشکرا دەکات و خوێنەر لە وردەکاری ئەفراندنی بنیادی گێڕانەوە و داهێنانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، بەوەی پێی دەڵێت چۆن نووسراوە و سەرچاوە و بیرۆکەکان


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

چۆن بوون و کارەکتەر و ڕووداو و کات و شوێن چۆن بەرهەم هاتوون، کە هەریەکەیان لەڕێگەی شێوازی تایبەتی خۆیەوە خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات. دیارە ئەمەش بە ئاشکرا بێت یان شاراوە بەرجەستەکردنی تایبەتمەندیی میتاڕۆمان بێت یان لادان بێت لە گێڕانەوەگەریی ئاسایی، کاردەکاتە سەر ڕەگەزەکانی گێڕانەوە و دەیگۆڕێت بە بونیادێکی دیکە و بەرهەمهێنانی مانایەکی دیکە لەناو مانای گشتی ڕۆمانەکە.

میتاڕۆمان زۆر بەتوندی لە چۆنێتی نووسینی ڕۆمانی پێش خۆی لادەدات و لەگەڵ ئەزموون و فۆرم و بابەت و تەکنیک و دوابەدواهاتنی کات و ڕێکخستنی ڕووداوەکانی ڕۆژانە و بە دید و خەیاڵ و پێشبینییە قبوڵکراوەکانی ڕۆمانەکانی پێش خۆی تێدەپەڕێنێت(داد: 1378، 360). هەروەک جیرمی هۆرسۆن "Jeremy Hawthorn" لە کتێبی " Studying The Novel: an introduction" لە کاتی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ڕۆماندا دێتە سەر باسی میتاڕۆمان بەمجۆرە پێناسەی دەکات: ((ڕۆمانێکە لەبارەی ڕۆمانەوە یان ڕۆمانێکە هونەری ڕۆمانبوونی خۆی ڕووندەکاتەوە، کە بە ئەنقەست خەیاڵی گێڕانەوە دەشێوێنێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ سەرنج لەسەر سروشتی خەیاڵی خۆی پرۆسەی دروستکردنی گێڕانەوە بدات وەک ئەوەی کاتێک گێڕەرەوە بەشێوازی جۆراوجۆر گاڵتە لەگەڵ خوێنەردا دەکات یان ئامۆژگاری دەکات کە دووبارە پەرگرافەکان بخوێنێتەوە))( Hawthorn: 1985, 35). بۆیە میتاڕۆمان هونەرێکە لەبارەی هونەرەوە و ڕۆمانێکە لەبارەی خودی ڕۆمانەوە، خەیاڵێکە لەسەروو خەیاڵکردنەوە یان گێڕانەوەیەکە لەبارەی گێڕانەوەوە، هەم هونەرە هەم زانست، هەم تیۆرە هەم پراکتیک، هەم خەیاڵە هەم واقیع(https://www.geneseo.edu/~johannes/Metafiction.html).

میتاڕۆمان جۆرێکی تایبەتە لە ڕۆمان کە بەئاشکرا لەبارەی سەنگ و قورسایی خودی ڕۆمانەکەوە دەدوێت، لە زۆربەی ڕۆمانە مۆدێرن و پۆستمۆدێرنەکاندا لەبارەی ڕۆماننووس و ئاستەنگەکانی نووسینی ڕۆمانەکەی و جۆری تەکنیکە بەکارهاتووەکەی دەدوێت، واتە هەوڵدەدات لایەنی هونەری و تەکنیکە بەکارهاتووەکانی ڕۆمان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات و خوێنەری لێ ئاگاداربکاتەوە(صادقی- صادقی"ذوالقدر": 1388، 233). هەر بۆیە لەم هونەرەدا ڕۆمان دەبێتە نووسینی شیکاری و کۆمێنتکاری لەسەر خودی گێڕانەوەگەری و شێواز و ڕێگا جیاوازەکانی و شوناس و ناسنامەی هونەرکاری.

لە میتاڕۆماندا خوێنەر بێ ئەرک نییە و کاری هەر ئەوە نییە تەنیا خوێنەر بێت وەک ئەوەی لە کارنامەی خوێنەری ڕۆمانە ئاسایی و کۆنەکاندا دەبینرێت، بەڵکو دەبێت کارەکتەرێکی خۆپەروەردەکاری هەبێت و خاوەنی باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕەخنەیی بێت، تا کارئاسانی بۆ بکات و لە بەرز و نزمی گەمە و یاریی گێڕانەوەکان تێبگات و چالاکانە بەشداری پرۆسەی داهێنانی ڕۆمانەکە بکات. واتە ((هەر ئەرکێکی خوێنەر پەیوەست بەم هونەرەوە بە مەرجە و بێ بنەما نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی بنەمایەکی زانستی و ڕەخنەییدا ئەرکەکەی بەها وەردەگرێت))(الخطیب"د": 2006، 287). بۆیە لەم جۆرە ڕۆمانەدا ((ڕۆمانووسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بە میهرەبانییەوە خوێنەر لەناو جیهانی ڕۆمانەکەیدا زیندانی دەکات))(Gass: 1970, 8).

هەندێکی تر لە گۆشەنیگای کاری ڕەخنەیی و قسەکردن لەسەر دنیای نووسین و تەکنیک و کۆمێنتدان بە خوێنەر پێناسەی هونەری میتاڕۆمان دەکەن و پێیان وایە بە ڕۆمانگەلێک دەوترێت کە لە ڕوانینە پڕ ماناییەکانی سەبارەت بە خودی ڕۆمان بدوێت. بە مانایەکی ساکارتر لەوپەڕی ڕۆمانبووندا گێڕەرەوە سەبارەت بە خودی ڕۆمان و تەکنیکەکانی بیروڕا دەردەبڕێت، کە دەکرێت لە قاڵبی هێما و کینایە و تەنز و هەجووداش بێت، یان بابەتێک بخاتە بەر باس و ڕەخنەی لێبگرێت، هەروەک ویلیام گاسیش پێی وایە کە میتاڕۆمان بە ڕۆمانێک دەگوترێت کە لە ڕۆمان بدوێت، واتە ڕۆمانێکە باس لە چۆنێتی ڕۆمانبوونی خۆی بکات، بۆیە هەندێک لە تیۆریستان ئەم شێوازەی ڕۆماننووسینیان بە پانتاییەکی نێوان ڕۆمان و ڕەخنە ناوبردووە(تەرەغە: 2010، 72). هەر بۆیە دەتوانین بڵێین میتاڕۆمان وێناکردنی دونیای نووسین و گێڕانەوە و بەرجەستەکردنی دڵەڕاوکێی نووسین و نیشاندانی چۆنێتی گێڕانەوەیە لەڕێگەی ڕەخنەگرتن و ڕێنماییەوە، هەروەها چاودێریکردنی جیهانە خەیاڵییەکەی گێڕانەوە و دروستکردنی دەقێکی دیکەی گێڕانەوەیە لەڕێگەی شکاندنی بەربەستە خەیاڵ زەدە و نامۆکانی بەردەم خوێنەر و ئاشکراکردنی گەمەی گێڕانەوەکە و بەستنەوەی دەقی گێڕانەوەکە بە وابەستەی دەرەکییەوە، کە خۆی لە تێوەگلانی خوێنەردا دەبینێتەوە لە تێکدانی تەوەر و فۆرمەکانی گێڕانەوەی زاڵ بۆ گۆڕینی دونیای نووسین و گێڕانەوەکە بۆ گێڕانەوەیەکی خەیاڵی داهێنەرانە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چینەکانی گێڕانەوەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە، واتە گێڕانەوەیەک لەناو گێڕانەوەیەکی دیکەدا دروست دەبێت و دان بە بوونی خۆیدا دەنێت و بەربەستی کۆتایی دەشکێنێت، تاوەکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا پێوەندیی ببەستێت(ڕەسوڵ: 2024، 12).

لەلایەکی دییەوە ئەگەر پێناسەی میتاڕۆمان لە گۆشەنیگایەکی دییەوە وەربگرین ئەوا هونەری باسکردن و وەسفکردنی گێڕانەوەیە و ((گێڕانەوەیەکە ئاماژە بە خۆی و ڕەگەزەکانی دەکات، یان گێڕانەوەیەک باسی خۆی دەکات کە چۆن پێکهاتووە و توخمەکانی یەکیانگرتووە بەتایبەت ئەو بڕگە و یەکانەی کە بەڕوونی ئاماژە بە کۆدە سەرەکی و لاوەکییەکانی خۆی دەکات و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:18-42

ڕەنگدانەوەی خودی خۆیەتی))(Prince: 1989, 51). کەواتە میتاڕۆمان تەکنیکێکە یان هونەرێکی گێڕانەوەگەری نوێیە کە تیایدا ((گێڕەرەوە لە ڕەوتی گێڕانەوەکاندا دەستوەردان دەکات و ڕاستەوخۆ خوێنەر ئاراستە دەکات، یان ئاماژە بە لاپەڕەکانی پێشووی دەقە گێڕانەوەگەرییەکە دەکات، یان چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک یان زیاتری ڕەگەزەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکات))(الخطيب"د": 2006، 285).

جۆن بارس "John Barth" کە یەکێکە لە نووسەران و پیادەکارانی میتاڕۆمان پێی وایە کە میتاڕۆمان ((جۆرێک ڕۆمانە کە بەجێگەی وێنە هەڵگرتنەوە لە جیهان لە ڕۆمانی تر وێنە هەڵدەگرێت...ڕۆمانێکە لاسایی ڕۆمان دەکاتەوە نەک جیهانی ڕاستەقینە))(Barth: 1995, 161). دەتوانین لەم پێناسەیەوە ئەوە هەڵبگۆزین کە دەشێت لە کاتی جێبەجێکردنی هونەری میتاڕۆمان و تەکنیکەکانیدا لاسایی دونیایەکی خەیاڵیتر بکاتەوە کە ڕۆمانە وای لێ دەکات خۆی بهێنێتە گۆ، بۆیە کاتێک ڕۆمانووس باس لە ڕۆمانێک دەکات دەشێت باس و خواسی تەکنیک و جۆری ڕۆمانێکی تری جیهانی باس بکات، یان باسی چۆنێتی نووسین و تایبەتمەندێتیی ڕۆمانووسێک بکات یان دەشێت لەناو ڕۆمانە بنەڕەتییەکەدا باس لە ڕۆمانێک یان زیاتر بکات، کە بوونێکی واقیعی و بەرجەستەی هەیە، تا لەوێوە خوێنەر لە یەک کاتدا بەر دوو پەیامی ڕۆمانی بکەوێت و ئاشنای دوو ئەدەبیات و جیهانبینی دوو دەقی جیاواز ببێت. هەروەک دکتۆر محمد عنانیش لە کتێبی "المصطلحات الأدبية الحديثة" پێی وایە میتاڕۆمان ((بریتییە لە ڕۆمان لەناو ڕۆماندا، چونکە ئەدەب هاوشێوەی زمان و ڕەخنە دەتوانرێت بە زمانێک لەپشت زمانەوە هەژماربکرێت، یان لە ڕۆمانێکدا باس لە ڕۆمانێکی تر بکرێت، یان باسی خۆی و شێواز و تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی خۆی بکات))(عناني"د": 2003، 54).

هەندێکی تر لە توێژەران ئەگەرچی ژمارەیان کەمە و بە بەراورد بە پێناسەکانی دی کەمتر دەبینرێن و کەمتر لە سەرچاوەکانی میتاڕۆماندا ئاماژەی پێدراوە, ئەوەیە کە پێیان وایە داهێنان و لەدایکبوونی ((میتاڕۆمان بۆ خۆی داهێنان و لەدایکبوونی ژانرێکی نوێیە یان نیمچە ژانرێکی سەربەخۆیە))(Fr.wiktionary,org/wiki/meta-roman)، چونکە میتاڕۆمان هیچ نییە جگە لە سەرهەڵدانی ژانرێکی نوێ لە دونیای نوێ و هاوچەرخدا، کە بە پاڵپشتی ژانری ڕۆمان هاتووەتە ئاراوە و مەبەستدارانە دەیەوێت ژانری ڕۆمان تێپەڕێنێت، دیارە بۆ بەڵگەی ئەمشیان پێیان وایە هەر خودی زاراوەکە بەواتای ئەودیو ڕۆمان یان بان ڕۆمان یان تێپەڕاندنی ڕۆمان، جۆرێک لە دابڕان و بۆشایی گەورە دروست دەکات و ناکرێت وەک یەک تەماشایان بکەین، بەمەش ئەودیو یان تێپەڕاندن ناکاتە خودی ڕۆمان هەروەک ڕەخنەگر و توێژەری ئەمریکی جێرمی لیڤین "Jeremy A. Levine" لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی "میتاڕۆمان وەک خەیاڵی ژانر-Metafiction as Genre Fiction" پێی وایە کە ((میتاڕۆمان ژانرێکی سەربەخۆیە و پێویستە سیما و خەسڵەتە تایبەتییەکانی لە بەرچاو بگرین))(A. Levine: 2015, 64). پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم ئاراستەیە دوای وردبوونەوە لەو بەرهەمانەی کە بەئاگادارییەوە سەرنج دەخەنە سەر هونەری گێڕانەوەی خۆیان و لە گێڕانەوەی ئاسایی لایاندەدا و زۆرترین خەسڵەتی میتاڕۆمانیان لە ڕۆمانەکانیاندا بەرجەستە دەکرد, بە ئاراستەی دژە ڕۆمان ناویان دەرکرد و پێیان وابوو کە ئەو ڕۆمانانەی کە ئەم هونەریان بەشێوەیەکی جیاواز تێدا بەدیدەکرێت، هیچیان ناچنەوە سەر تایبەتمەندێتیی ژانری ڕۆمان و ئاسایی بە جۆرێک لە دژایەتیکردنی ڕۆمانی ئاسایی ناوزەدیان دەکرد، بۆیە زاراوەی میتاڕۆمانیان بۆ بەکاردەهێنا، چونکە پێیان وابوو سەدەمی نوێ پێوسیتی بە ژانری نوێ و چێژ و سەلیقەی نوێ هەیە، کە ئەمەش بە تێپەڕاندنی ژانری ڕۆمان دەکرێت.

کەواتە ناتوانین بە پێناسەیەکی کورت و سنووردار و تاک ڕەهەندیی لە هونەری میتاڕۆمان تێبگەین، بەڵکو دەبێت بە دید و ڕەهەندێکی هەمەلایەنتر لێی بڕوانین، بۆیە بە وردبوونەوەمان و بە پاڵپشتی سەرچاوە بەکارهاتووەکان دەتوانین لەشێوەی چەند سەرنجێک پێناسەی ئەم هونەرە ڕوونبکەینەوە:

- وەسفکردنی ئەو خەیاڵەیە کە نووسەر بەئاگاییەوە ئاماژە بە دروستکراوی ئەدەبیبوونی ڕۆمان دەکات.
- نوێترین ڤێرژنی ڕۆمانە یان شێوەیەکی نوێی ڕۆمانە کە بەردەوام ئەوە بیری خوێنەر دەهێنێتەوە کە ڕۆمانەکەی بەرهەمی خەیاڵی و چیرۆکئامێزە، یان ڕۆمانێکە بۆ بەشداریکردن و پەلکێشکردن و دواندنی خوێنەر و ئەرک پێدانی.
- جۆرێکە لە ئەدەبی گاڵتەجاڕی "Parody" یان لێدانە لە جددیبوونی ڕۆمانووسین.
- ڕۆمانێکە لەبارەی ڕۆمانەوە و لەبارەی خۆیەوە قسە دەکات، یان کەشفکردنی تیۆری نووسینی ڕۆمانە لەڕێی پراکتیکی نووسینی ڕۆمانەوە، کە چۆن دەنووسرێت؟ یان سەرەتا و کارەکتەر و کات و شوێن کێ دروستی کردون و چۆن لە گێڕانەوەکاندا مامەڵە دەکەن.
- ڕۆمانێکە ڕەخنە دەگرێت و کۆمێنت دەنووسێت، ڕەخنە و کۆمێنت لەسەر خۆی و هەندێک لە ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکانی تریش دەدات.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:18-42

**پـــاری سێیەم/ مێژوو و سەرهەڵدانی هونەری میتـاڕۆمـــان:** مێژوو و سەرهەڵدانی هونەری میتاڕۆمان بۆ ئەو هەوڵە پڕ لە گۆڕانکاری و گۆڕینی چێژە دەگەڕێتەوە، کە لەلای توێژەران و نووسەران و بەشێکی زۆری خوێنەران دروست لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دروست بووبوو، چونکە هەم ڕۆماننووسان و هەم خوێنەرانیش پێیان وابوو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە جەوهەری و هەمە لایەنانەی بە خۆیەوە گرتبوویەوە، وای کردبوو ژانری ڕۆمانیش بەدەر نەبێت لەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوانە و چیدی ناتوانرێت بە تەکنیک و هونەری گێڕانەوەی جاران بابەت و موعاناتەکانی مرۆڤی نوێ بگەیەنرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ((میتاڕۆمان لۆژیکی گەشەسەندنی هونەری گێڕانەوە پشتگوێ ناخات، بەڵکو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ گەشەی پێدەدات و مەیلی دامەزراندنی چەمکێکی نوێی لە دەرەوەی گێڕانەوەگەریی کۆنەکان هەیە، کە تیایدا گۆڕانکاریی جەوهەری و کارایی بەدەستبهێنێت، تا لەگەڵیدا بتوانێت مانای نوێ و بێ کۆتایی بۆ نیشانە کۆن و کۆتایی هاتووەکان بدۆزێتەوە))(جاسم: 2005، 25-26).

لەساڵی "1890"وە ڕەخنەگران و نووسەران باسی قەیرانی ژانری ڕۆمان دەکەن، لەو بارەیەوە جول هوریە لە ساڵی "1895"دا بە ڕیپۆرتاژێکی تێر و تەسەل و ڤیللی لە ساڵی "1910"دا بە وەرزنامەیەکی یەک لەدوای یەک و لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیش ئەندریە بیللی و تبودیە کۆمەڵە نووسینێکی هاوبەشیان لەبارەی قەیرانی ڕۆمانەوە بڵاوکردەوە. هەروەها لە ساڵانی "1925" و "١٩٢٨"دا ڕونیە بویلسوف گوتاری "ڕۆمان لە مەترسیدایە" و ئەدوارد ئەستونیە گوتاری "ئایا ڕۆمان لە قەیراندایە؟" و ئەندریە تیریف گوتاری "ڕۆمان لە قەیراندایە"یان بڵاوکردەوە. دوابەدوای ئەمانەش کۆمەڵێک کتێبی ئەکادیمی دەرکەوتن لەوانە: کتێبی "قەیرانی ڕۆمان"ی فەردینا سترۆفسکی و کتێبی "ڕۆمان دەمرێت"ی بول جزیل و کتێبی "کۆتایی ڕۆمان"ی ئەمانویل بیرل...تاد کە هەموویان نوقڵانەی کۆتایی هاتنی ڕۆمانیان لێدەدا(العشری: 2013، 7). بۆیە سەرهەڵدانی هونەری میتاڕۆمان بەرئەنجامی هەموو ئەو لێدوان و توێژینەوانە بوو کە پێی وابوو ژانری ڕۆمان لە قەیرانی قووڵ و جەوهەریدایە و پێویستی بە تێپەڕاندن یان نوێبوونەوە هەیە. بۆیە ڕەوتی لەدایکبوونی ژانرێکی سەربەخۆ و نوێ یان دژەڕۆمان هاتەئاراوە کە زۆربەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە تەکنیکێک یان زیاد لە تەکنیکێک دەچوونەوە سەر هونەری میتاڕۆمان، بۆیە هەندێک لە سەرچاوەکان میتاڕۆمان بە دژەڕۆمان یان ژانرێکی سەربەخۆ ناودەبەن، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەو ڕۆمانانەی تەکنیکە جیاوازەکانی میتاڕۆمانیان بەکاردەهێنا لە شێوازی نووسینی ڕۆمانی پێش خۆیان لایان دەدا و شێوازێکی نوێیان پەیڕەو دەکرد, چنین و پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە بونیادی گێڕانەوەکانیاندا بەدی دەکرا و بەتایبەت تەکنیکی خودئاگایی لە گێڕانەوەکانیاندا، کە نامۆ بوو بە هونەر و بونیادی گێڕانەوەگەری ڕۆمانەکانی پێشووتر، ئەمەش وایکردبوو هەندێک لە توێژەرە ئەورووپییەکان هونەری میتاڕۆمان بە هەوڵێک بۆ دژایەتی کردنی ژانری ڕۆمان لە قەڵەم بدەن، تا ئەوەی بە زاراوەی "دژە ڕۆمان- Anti-Novel"یان بەکاردەهێنا، هەر وەک لەم بارەیەوە ویلیام گاس دەڵێت: ((بەڕاستی زۆرێک لەو گێڕانەوانەی پێیان دەگوترێت "دژەڕۆمان" بەڕاستی میتاڕۆمانن))( Gass: 1970, 7). دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لەو کاتەدا هونەری میتاڕۆمان لە سەرەتادا بووە و خاوەنی دیدی جیاواز و دژەباوی خۆی بووە، ئاساییە هەموو بابەت و شتێکی نوێش لە سەرەتادا نەیاری خۆی هەیە و جۆرێک لە دژایەتی دەکرێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بەردەوامبوونی شێواز و دیدە ئاوەژۆکەی هونەرییوونی خۆی سەلماند و ناوبانگی پەیداکرد، هەروەک ویلیام گاس دەڵێت: ((میتاڕۆمان خاوەنی خولیای پێچەوانەکردنەوەیە، ململانێیەکە دەکەوێتە نێوان سوژە و ئۆبژەوە، بە کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەتی و ڕەگەزی خەیاڵکردن و کاردانەوەی خودی ڕۆمانی ئەزموونگەری و پۆستمۆدێرن لە ڕۆمانی کلاسیکی و تەقلیدی جیادەکرێتەوە))(سەڕاج: ٢٠١٨، ٨0).

تەکنیکەکانی میتاڕۆمان ((لە پراکتیکی ڕۆمانناسیدا بووەتە تایبەتمەندیی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم))(الخطیب"د": 2006، ٢٨٥)، کە بە توندی تەکنیک و ڕەگەزە تەقلیدییەکانی ڕۆمانی ڕیالیزم و بەلزاکی و پێش خۆی تێکدەشکێنێت، ئەو ڕۆمانانەی ئەزموونی نوێیان لەم هونەرەدا هەیە، بابەت و فۆرم و شێواز و کات و ڕووداوەکانی ڕۆژانە بە خەیاڵ و ئەفسانە و کابووسەکانەوە لە چاوەڕوانییە قبوڵکراوەکانی ڕۆمانەکە شکست دەهێنن، لەنێو نووسەرانی ئەم هونەرە دەتوانین ئاماژە بە تۆماس پینچون- جان بارت- دۆناڵد بارسلیم- ویلیام گاس- ڕۆبەرت کوڤر- ئاشیل ڕید...تاد بکەین، پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەندێکجار بەم جۆرە ڕۆمانانە دەوترێت ئەفسانەیی(داد: ١٣٧٨، 360).

لە دوای دەرچوونی ڕۆمانی "ساختەکارانی پارە"ی ئەندرێ جید لە ساڵی "1925"، کە بە لوتکەی هەیەجان و گۆڕانکاری و دەرکەوتەی ئەم هونەرە دادەنرێت، ئیتر پیرۆزی و جددیبوونی هونەری نووسینی ڕۆمان و خۆشاردنەوەی ڕۆماننووس لە دەقدا نەما، ئەم ڕۆمانە ڕێچکەشکێنە گەلێک بۆچوونی ڕەخنەیی و نهێنی چۆنێتی داهێنانکاری ئەدەبی تێدا تێهەڵکێشکراوە، لەو کاتەشەوە هونەری میتاڕۆمان لە ڕۆمانی نوێی دونیادا پانتاییەکی بەرفراوانی بەرکەوت، ئیتر کاری داهێنان خۆی وردە وردە بووەتە بابەتی داهێنان و بێکیت و ڕۆبیر بنجێ و کلۆد مۆریاک و کلۆد سیمۆن و ئالان ڕۆب گرێ و کلۆد ئۆلییە و فیلیپ سولێر و میشێل بۆتۆر

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

و ناتالی ساروت و کەسانی دیکەش خۆیان لەگەڵدا تاقیکردووەتەوە و لەڕێی ڕۆمانەکانی ئەمان و نووسینە ڕەخنەییەکانی ڕۆلان بارت و جان ڕیکاردۆ و میشال بۆتۆریشەوە پەرییە ئەدەبی گەلانی جیهان(ڕۆژبەیانی: 2008، 115). دیارە بەمەش توانیان لەڕێگەی گەمەی نووسین و تەکنیکەوە فکر و هزری نووسینی ڕۆمان لە نموونەی وەرگیراو یان سوواو و چەقبەستوو ڕزگاربکەن، بۆ ئەمەش سەربەستی نووسین ئامانجی سەرەکییان بوو بۆ گەیشتن بە دروستکردنی خەیاڵ و فەزا و ئازادی بیر و پچڕاندنی کۆتی ئاسایی جاران و ئەفراندنی هونەری نوێی ڕۆماننووسین، کە وەڵامدەرەوەی سەردەم و چێژ و سەلیقەی نوێ بێت.

پێویستە لە کۆتایی ئەم پارەدا ئاماژەی بە شتێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەمجۆرە ڕۆمانەوە تەکنیك و شێوازێکی تایبەتی بەخۆی هەبووە، کە وایکردووە لە جۆرەکانی تری ڕۆمان جیای بکاتەوە، بەدیوێکی تردا ئەوە چۆنێتی نووسین و جۆری تەکنیکی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەیە وایکردووە کە ببێتە جۆرێکی سەربەخۆ لەنێو جۆرەکانی دی ڕۆمان، واتە لەسەرەتادا تەکنیك بووە پاشان بۆ جۆری ڕۆمان پەلی هاویشتووە. کەواتە دەتوانین بڵێین میتاڕۆمان هەم تەکنیکە وەك لایەنی هونەریی و وەستایی، هەم جۆری ڕۆمانیشە وەك پۆلێنبەندی جۆرایەتی ڕۆمانەکان.

**پـاری چوارم/ هونـەری میتـاڕۆمـان لە ڕۆمانی کوردیدا:** مێژووی ڕۆمانی کوردی لەچاو مێژووی شیعر و چیرۆکی کوردیدا مێژوویەکی تەمەن کورتە، ئەگەرچی هەندێك لە تەکنیک و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لە زۆرێك لە بەرهەمە فۆلکلۆری و حیکایەتییەکاندا دەبینینەوە، یان ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە ڕەگەزی گێڕانەوەیان تێدا زاڵە. ((ڕۆمانی کوردی ڕەگی لە حیکایەتی میللی و ئەفسانەیی و چیرۆکە شیعری وەك لاوك و هەردوو داستانی مەم و زین و شیرین و فەرهاد و ئەوانی تردا هەیە))(باشا: 2001، 43). بەڵام وەك ژانرێکی ئەدەبی کامڵ و سەربەخۆ ئەدەبیاتی کوردی هێندە نابێت پێی ئاشنابووە، ئەم تەمەن کورتییە لە ئاشنابوون بۆ گەلێك هۆکاری هاوپێوەند و دروستەی خودی ڕۆمان دەگەڕێتەوە، چونکە سەرهەڵدان و پێشکەوتنی لەناو هەر میللەتێکدا، پەیوەستە بە ئاستی پێشکەوتن و ڕادەی کرانەوە و شارستانی ئەو میللەتە، پەیوەستە بە دروستبوونی شار و جموجۆڵی ڕۆشنبیری، لاوازبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگ و دەرکەوتنی چینی بۆرژواز، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و چاپ و چاپخانە، چونکە خودی ڕۆمان ژانرێکی هاوچەرخی ئەدەبییە و بەرئەنجامی گەشەی شارستانییە، ئەم گەشەکردنی شارستانییەتەش لەناو میللەتی کوردا تا ڕادەیەك دواکەوتووە و دواکەوتنی ڕۆمانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەمە سەرباری پارچەپارچەبوونی خاکی کوردستان و شەڕو شۆڕ و هێرشی بەردەوامی دوژمنان.

ڕۆمان خۆی ژانرێکی ئەدەبی ئەوروپییە، بۆیە ئاساییە لەگەڵ هاتنەئاراو ئاشنابوونی ئەدەبی کوردی بەم ژانرە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە کەم تا زۆر لەژێر هەژموونی کاریگەرییە ئەوروپییەکاندا بێت و لە کاریگەریی شارستانی و فەرهەنگ و کولتووری ئەدەبیاتی ئەوان بەدەر نەبێت. ئەگەرچی بابەتی سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی بەگشتی لەنێو ژیانی ئاسایی خەڵك و موعاناتی ڕۆژگارەوە هەڵدەگوزرا، درێژکراوەی ئەو بابەتە بوو کە چیرۆکی پێ گۆشکرابوو، دەربڕی واقیعییەتێك بوو کە ڕۆماننووسی کورد تیایدا دەژیا.

ڕۆمانی کوردی لە هەناوی چیرۆکی کوردییدا دێتەدەرەوە و گەشەدەکات، بۆیە دەبێت لەلامان ئاسایی بێت ئەگەر سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی بە جۆرە تەکنیکێکی ساکار دەستپێبکات، چونکە کەمتازۆر لە دونیای چیرۆکنووسی ئەو کاتەدا برەوی هەبووە. لە ساڵانی دوای حەفتاکان بەهۆی ئەو کەش و هەوا ئەدەبییەی هاتەئاراوە، ڕووی جیاوازی تەکنیك لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا دەستی پێ کرد، هەروەك حسێن عارف دەڵێت: ((لە ساڵانی دوای "1970" دا ڕوو کراوەتە گەلێ جۆرە تەکنیکی تر کە لەوەوبەر زەفەریان پێنەبراوە و نەبوون، بەمە شێوەی گێڕانەوە لەوە کەوت تاقەجۆری تەکنیك بێت و تاقە ئامرازی دەستی چیرۆکنووس بێت بۆ داهێنان و خولقاندن لە کۆڕی ئەم هونەردا))(عارف: 1977، 7). ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر ڕۆمانە بەرهەمهاتووەکانی دەیەی ساڵانی هەشتا و ساڵانی دواتر هەبووە.

تەکنیك جگە لە گێڕانەوەی ئاسایی کە لە چیرۆك و فۆلکلۆری کوردییدا بناغەی هەیە، ئیتر سەراپای تەکنیکە گێڕانەوەگەرییەکانی بواری چیرۆك و ڕۆماننووسی کوردی وەرگیراون و لە ژێر کاریگەریی جیاجیا، لە ئەدەبیات و شاکاری جیهانییەوە وەرگیراون، چونکە ئەدەبی کوردی لە بە هونەرییکردن و تەکنیکی ڕۆماندا لە ئەدەبیاتی جیهانییەوە فێربووە نەك لە بەرهەمی فۆلکلۆر و کلتووری خۆمان.

لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهۆی کاریگەربوون بە زیاد لە سەرچاوەیەك، بەتایبەت کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی ئەوروپی و ئەمریکای لاتین، بەهۆی ئەو هەلومەرجە نوێیەش کە هاتەئاراوە، ڕۆماننووسان دەستیانکرد بە نووسینی ڕۆمان بە تەکنیکی نوێ و هاوتا بە تەکنیکەکانی ڕۆمانە جیهانییەکان, دیارە بە هونەری میتاڕۆمانیشەوە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو وەك شێوازێکی نوێی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نووسینی ڕۆمان دەرکەوت، بەڵام وێرای ئەمانەش ڕۆمانی کوردی تا ئێستاش لە سەرەتادایە و لەنێوان هەوڵی جۆراوجۆرا، سەرکەوتوو ناسەرکەوتوودا، باش و خراپدا، ئەم بەرو ئەوبەر دەکات، نەیتوانیووە ببێت بە خاوەنی شێوازێکی تایبەتی، بۆ نموونە وەك ڕیالیزمی بەلزاك و ستاندال، یان ڕیالیزمی جادوویی وەکو نووسەرانی ئەمریکای لاتینی یان شێوازی نووسینی ڕۆمانی نوێی فەڕەنسی و...تاد. هەر هەمان شێوازی ڕۆژئاوایی دووبارە دەکەنەوە، هەڵبەت زۆرجاریش بە هەمان دیدی ڕۆژئاواییەوە دووبارەی دەکەنەوە و دید و جیهانبینییەکی خۆماڵی ئەوتۆ بۆ بابەت و تەکنیکەکان بەدیناکرێت(عەزیز: 2022، 116). بەکورتی لە دوای ڕاپەڕین ڕۆماننووسەکانمان بەتایبەتیش لاوەکان لەژێر کاریگەریی ڕیالیزمی سیحریی ئەمریکای لاتین و ڕۆمانی نوێی فەڕەنسی ڕۆمانیان نووسیوە، بگرە هەندێکیان کاریگەریی مارکیز و بۆرخیس و جۆرج ئەمادۆ و خۆسێ سێللا...تاد هی دیکەشیان بەسەرەوەیە و لاسایی ئەوان دەکەنەوە(ڕەشید: 2007، 20). بۆیە بە گشتی دەتوانین بڵێین هەموو ئەو تەکنیکانەی ڕۆماننووسان لە نووسینی ڕۆمانەکانیاندا بەکاریاندەهێنن، بەتایبەتی قۆناغی دوای ڕاپەڕین، هەموویان وەرگیراوی ئەدەبیاتی جیهانین و هەڵهێنجراوی خوێندنەوەی شاکارە جیهانییەکانن، ئەمەش شتێکی ئاساییە کە فۆڕم و تەکنیکی بەرزی ئەدەبی میللەتانی دیش وەربیگرن و لە داڕشتەی بەرهەمەکانیاندا بەکاریبهێننەوە.

وەرگرتن و پەیڕەوکردنی تەکنیکی وەرگیراوی جیهانی، چۆنێتی گێڕانەوە و بەرجەستەکردنی ڕووداوەکان پێوەندیی بە سەربەستی هونەریی و ئیستاتیکییەوە هەیە، کە وەك وتمان لە لایەن ڕۆماننووسێک یان چەند ڕۆماننووسێک کە خاوەن کلتوورێکی بەرزی ئەدەبی و بیرۆکەی هونەرین، پاشان لە لایەن ڕۆماننووسانی دی نەتەوەکانی دییەوە وەرگیراون و لە نووسینی بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناون. بۆیە ئاساییە ڕۆماننووسانی کوردیش بە سەرنجدان لە کلتوور و ئەدەبیاتی بەرزی جیهانی و هونەری گێڕانەوەگەری باڵا هەوڵی ئەوە بدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستاتیکای هونەری بەرهەمەکانیان پەیڕەوی ئەو جۆرە تەکنیکانە بکەن. ((لایەنی تەکنیك و شێوازی دەقەکان دووبارەن و بە تەنیا موڵکی تاکە کەسێك یان نووسەرێك نین، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە هەناسەی داهێنان و وروژاندنی خوێنەرانە)(ڕەسوڵ: 2012، 8). بەڵام ئەمە بۆ بابەت هاوتا نابێت، چونکە بابەت پەیوەستە بە موعاناتی خودێتی مرۆڤەوە، بیرکردنەوە و تاسەی مرۆڤانەیە بۆ ژیان، سەرباری موعاناتی هاوبەش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دی و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕێت، جگە لەوەش وەرگرتنی بابەت پێوەندیی بە زنجیرەیەك بیرکردنەوە و پاشخانی زیهنی تاکەوە هەیە، بەڵام تەکنیك و شێوازی سەرکەوتوو لەدوای خاوەنەکەی دەبێتە سکە و قاڵبێکی گشتی پیادەکراو، دەبێتە هونەر و کەلەپوورێکی گشتی بەکاربراو، چونکە تەکنیك زیاد لە بابەت مۆرکی جیهانیانەی هەیە. بۆیە ئاساییبوونی وەرگرتنی تەکنیك ئاساییبوونی وەرگرتنی بیر و بابەت ناگەیەنێت، ئەگەر وەریشگیرا دەبێت بەجۆرێك بێت کە نەبێتە هۆی سڕینەوەی ناسنامە و مۆرکی نووسەرێتی نووسەر، دەبێت ڕۆماننووس جێپەنجەی نووسەرێتی خۆی پێوە بلکێنێت.

تەکنیك لە ڕۆماندا ڕێچکەیەکی تایبەتە بە ڕۆماننووس و بەپێی بابەت و مەعریفە و ئەزموونی نێو دونیای ڕۆماننووسینی خۆی بەکاریدەهێنێت، ڕۆماننووسی سەرکەوتوو باشتر لە هەموو کەس توانای سەرکەوتنی خۆی لە بوارێکدا دەناسێت، هەروەك ئالان ڕۆب گرییە دەڵێت: ((ڕۆماننووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن ڕۆمانەکەی بگێڕێتەوە))(بورنوف- اوئيلية: ١٩٩١، 37). دەزانێت کە چی لەگەڵی دەگونجێت و چیش لەگەڵی ناگونجێت، بۆ نموونە میلان کوندێرا تەکنیکی مۆنۆلۆگی ناوەوە لە ڕۆمانەکانیدا بەکارناهێنێت، بەپێچەوانەی دیستۆفسکی و ڤێرجینا ۆلف و جیمس جۆیس کە بە پەنابردنە بەر تەکنیکی شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگ بە ناخی کارەکتەرەکانیاندا شۆڕدەبنەوە. لەناو ڕۆماننووسانی کوردیشدا شێرزاد حەسەن زۆربەی گێڕەرەوەکانی تاك دەنگن و کەمتر فرە دەنگی تێدا دەبینرێت، ئەمە بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی کە پشت بە گێڕەرەوەی فرە دەنگ دەبەستن.

لەدوای ساڵی دوو هەزار و بەتایبەتیش دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، باشووری کوردستان کرانەوەیەکی زیاتری ڕۆشنبیریی بەخۆیەوە وەرگرت، توانای ئابوری و ڕێژەی وەرگێرانی ڕۆمانی بیانی ڕووی لە زیادبوون کرد، هۆکارەکانی پێوەندیی زیاد لە جاران بڵاوبۆیەوە، هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە ڕاستە ڕۆمانی کوردی لەنێو ئەدەبی کوردییدا مێژوویەکی هێندە دوورو درێژی بە بەراورد بە نەتەوەکانی دی نییە، بەڵام لەدوای بڕینی ئەو قۆناغە یەك لەدوای یەکانە، گۆڕانکاری دیار و جەوهەری هاتوونەتەئاراوە، هەر ئەو گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونەی ڕۆمانی کوردی لەم ساڵانەی دوایدا وامان لێ دەکات ڕێگە بە خۆمان بدەین، کە ئەگەر سوودوەرگرتنی ڕۆمانی کوردی بە ڕۆمانێکی جیهانی یان ڕەوتێکی نوێ باس بکەین و ئاستی چوونیەکی هونەری و تەکنیکییان بدۆزینەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستکردنی ڕۆمانی کوردی نییە بە ڕۆمانی جیهانی یان ئەورووپی، داواکردنی ڕاستەوخۆش نییە لە ڕۆماننووسانی کورد کە بۆچی ئاستی ڕۆمانی کوردییان نەگەیاندووەتە ئاستی ڕۆمانی جیهانی، یان داوای ئەوەیان لێبکەین بە عەقڵ و جیهانبینی ڕۆماننووسانی بیانی بنووسن، یان پێوەرەکانی داهێنانی ئەوان بکەینە بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنیان، چونکە ئەم جۆرە پرس و سەرنجانە، پرسی نامەنتیقی و ئاگانەبوونە لە حاڵ و گوزەرانی کۆمەڵی کوردی و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مێژووی ڕۆمان و ڕۆشنبیریی کوردی. بەڵکو ئێمە پێمانوایە کە ڕۆمانی کوردی لەڕووی هونەری گێڕانەوە و ئاشنابوون بە تەکنیکە نوێکان هەنگاوی باشی ناوە، هەر بۆیە ڕووی توێژینەوەکەمان لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسێکی هاوچەرخی کوردییە "عەتا محەمەد" کە زۆرترین تەکنیکەکانی هونەری میتاڕۆمان وەک نوێترین ئاستی نووسینی ڕۆمان لەخۆدەگرێت، زۆرترین کاریگەریی بە تەکنیکی ڕۆمانە جیهانییەکانی تێدا دەبینرێتەوە، تاوەکو لێرەشەوە بگەینە دەرخستنی ڕووی ڕاستی و دیاریکردنی ئاستی داهێنان و ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانیدا.

لێرەدا وا پێویست دەکات ناوی هەندێك نموونەی ڕۆمانی کوردی بهێنین کە پێش عەتا محەمەد ئەم تەکنیکەیان تێدا بەکاربراوە، واتە ئەم تەکنیکە لە ئەدەبی کوردیشدا وەك یەکێك لە ڕێگا و تەکنیکە نوێکانی گێڕانەوەی ڕۆمان، هەندێك لە چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسانی هاوچەرخمان پەنایان بۆ بردووە و خواستوویانە و ((بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕین و کاریگەربوونی ڕۆماننووسان بە ڕەوت و تەکنیکە نوێکانی هونەری ڕۆماننووسینی جیهانی و زۆربوونی وەرگێڕانی ڕۆمانی بیانی و ئەورووپی))(بەرزنجی"د": 2024، 485)، تا لەوێشەوە هەوڵی لادان و جیاکاری بدەن لەو گێڕانەوە قاڵبەستووانەی کە بەگشتی بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی بەکاردەهێنران، واتە وەك جۆرێك لە لادان و نوێکاری بەکاریبیانهێناوە، ئەمە جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستێتیکی و وەستایی و دۆزینەوەی چێژی زیاتر بەڕێگای جیاواز بە خوێنەرانی کورد، لەوانەش: عەبدوڵڵا سەراج لە ڕۆمانی "کاولاش" ((کە یەکەم تۆماری هونەری میتاڕۆمانە لە ئەدەبی کوردیدا))(ڕەشید: 2007، 122)، یان عەتا نەهایی لە ڕۆمانی "باڵندەکانی دەم با"، یان بەختیار عەلی لە ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"، نووسەرانی دیش وەکو جەلیل کاکە وەیس، فاروق هۆمەر، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل...تاد لە بەر هەمەکانیاندا کەم تا زۆر بەکاریان هێناوە.

ئەگەر سەرەتای بەکارهێنانی تەکنیکی میتاڕۆمان بەشێوەیەکی کەم و دەگمەن لەلایەن ڕۆماننووسانی کوردەوە بەکارهاتبێت، ئەوا لە دوای دەرکەوتن و ناساندنی، بەکارهێنانیشی زۆر زیاتر لە سەرەتای دەرکەوتنی زیاتر بووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن زۆرێك لە ڕۆماننووسانەوە وەك تەکنیکێکی نوێباو و بە مەبەستی دەرخستنی گەمەی هونەریی و توانای ئیستێتیکی خۆیان، بۆ گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکانیان پەنایان بۆ بردووە. هەرچی پەیوەندیشی بە ڕۆماننووسانی دوای ساڵانی دووهەزارەکانەوە هەیە، ئەوا کەمتازۆر بە گوێرەی زۆری و کەمی کاریگەریی لەسەر چۆنێتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکان و ئەو شێوازە تایبەتییەی ڕۆماننووس بەکاریدەهێنێت، بەکارهاتووە، کە لێرەدا سەرنجی ورد دەخەینە سەر دوو ڕۆمانی عەتا محەمەد و بە نموونە هەندێك لە لایەنەکانی پەیوەست بە هونەری میتاڕۆمانەوە دەخەینە ژێر ڕاڤە و شیکاری تەکنیکسازی.

**بەشی دووەم/ دەروازەیەکی پراکتیکی بۆ تێگەیشتن لە تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە هەردوو ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" و "گێلاسی خوێن"ی عەتا محەمەددا**

میتاڕۆمان چەند تەکنیک و شێوەیەکی پەیوەست بە خوێنەرەوە هەیە، کە بەگوێرەی چۆنێتی بەکارهێنان و ئاستبەرزی ڕۆماننووسی بەکاربەر دەگۆڕێت، لەوانەش:

**پاری یەکەم/ تەکنیکی بەشداری پێکردنی خوێنەر و دواندنی:** خۆئاشکراکردنی ڕۆماننووس لە خوێنەر و باسکردنی هونەری گێڕانەوە و چۆنێتی نووسینی ڕۆمانەکەی، هەروەك پەتریشیاوو پێیوایە کە میتاڕۆمان بریتییە لە: ((ڕۆمانێك کە بە وریاییەوە بە شێوەیەکی تایبەت سەرنجی خوێنەر بەوەی کە بووە بە بەشێك لە ڕۆمانەکە ڕادەکێشێت))(مردابادی- کزازی"د": 1388، 321). بە دیوێکی تردا ڕۆمانێکە کە خوێنەر خۆی تێدادەبینێتەوە و ڕۆماننووس خۆی لە خوێنەر ئاشکرادەکات، کە خەریکی نووسینی ڕۆمانێکە. بۆیە زۆرجار لەم جۆرە ڕۆمانەدا ڕۆماننووس خوێنەر لە جۆری تەکنیك و کارکردنی هونەریی و چۆنێتی نووسینی ڕۆمانەکەی ئاگاداردەکاتەوە، یان ڕۆماننووس دەبێتە گێڕەرەوەی سەرەکی کە خۆی لە خوێنەر وندەکات و پاشان خۆی لێ ئاشکرادەکات، جگە لە باسکردنی تەکنیك و جۆری گێڕانەوە، دەشکەوێتە گفتوگۆ و دواندن لەگەڵ خوێنەر و بەشداری پێکردنی تا ڕەزامەندیی بەدەستبهێنێت و هاوکات ببێتە هۆکارێك بۆ بەئاگایی بەردەوامی خوێنەر و کەمەندکێشکردنی، بۆ نموونە ((لۆران ستێرن بە باوکی ئەم جۆرە ڕۆمانە دادەنرێت لە بەریتانیادا، چونکە دەبینین لە ڕۆمانی "ترسترام شاندی"دا گێڕەرەوە گاڵتە لەگەڵ خوێنەردا دەکات و بەشێوەی جیاجیا دەیدوێنێت. باشترین نموونەی هاوچەرخ بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانە ڕۆمانی "دۆستی ئەفسەری فەرەنسی"ی "جۆن فاولز"ە کە لە ساڵی "1969"دا نووسراوە، یان کلۆد سیمۆن لە ڕۆمانی "چیرۆك"دا لەناو گێڕانەوەدا پرسیارە گوماناوییەکانی ئاڕاستەی خوێنەر دەکات، یان ڕوبێر بنجێ لە ڕۆمانی "کەسێك"دا لەناو خۆدواندنەکانیدا پرسیار لە خۆی دەکات و وەڵامی خۆی دەداتەوە، باسی جۆرە نووسین و تەکنیکی ڕۆمانەکەی دەکات و خۆشی لە خوێنەر ئاشکرادەکات))(ڕەشید: 2007، 124-126).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

یان ڕۆمانی "ئەگەر شەوێك لە شەوەكان لە سەفەردابووی" ڕۆماننووسی ئیتاڵی "ئیتالۆ كالڤینۆ 1923- 1985"دا كە بەم ڕستەیە دەستپێدەكات:

((ئێستا تۆ دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانە تازەكەی ئیتالۆ كالڤینۆ دەكەیت، ئەگەر شەوێك لە شەوەكانی زستان گەشتت كرد... تاد))(صادقی- صادقی"ذوالقدر": ۱۳۸۸، 234). بەكارهێنانی جێناوی "تۆ" لێرەدا مەبەست خوێنەرە و ئەركی پەلكێشكردنی خوێنەر بۆ ناو ڕۆمانەكە دەبینێت.

لە ڕۆمانی "ڕێبەری كتێبسازە كوژراوەكان"دا لە چەندین شوێن بەر ئەم تەكنیكە دەكەوین، كە ڕۆماننووس دەیەوێت سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت و بكەوێتە جۆرێك لە دیالۆگی یەک لایەنە لەگەڵ خوێنەر بەوەی كە كە لە ماوەی خوێندنەوەی ڕۆمانەكەدا ئەركێكی پێببەخشێت و لە خوێندنەوە ڕایبگرێت و سەرنج و خەیاڵی بەرەو بابەتی گێردراو ڕابكێشێت، دیارە ئەمەش لەڕێگەی بەكارهێنانی جێناوە سەربەخۆ و لكاوەكانەوە ئەنجامی دەدات كە ((هەندێک لە توێژەر و ڕەخنەگران پێیان وایە گێڕانەوە لەڕێگەی جێناوی كەسی دووەمی تاكەوە "تۆ"ەوە، ئەوا بۆ خۆی جۆرێک لە نوێكارییە لە هونەری گێڕانەوە و پیادەكردنی نوێترین شێوەی گێڕانەوەشە))(قضاة"د": 2000، ۱۲۸). دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خودی جێناوی "تۆ" جێناوێكە خوێنەر لە بێدەنگی و گوێ بۆ شلكردن ڕزگار دەكات و دەیخاتە حاڵەتی قسەكردن و گفتوگۆ و هەڵوێست وەرگرتن، واتە بەهۆی ئەم جێناوەوە خوێنەر كارا و چالاک دەبێت و جۆرێک لە ئاگایی لەڕێی بانگكردنەوە بەردەكەوێت، ئەمە جگە لە دواندن و سازدانانی گفتوگۆ لەگەڵی.

لە ڕۆمانی "ڕێبەری كتێبسازە كوژراوەكان"دا دوای ڕۆماننووس بە هاوكێشەیەكی گرنگ و بە گفتوگۆیەكی ورد و فەلسەفییانە باسی پێوەندیی مرۆڤەكان بە ناوەكانیانەوە دەكات، كە ئایا ناو وەک ئامرازێكی نابژاردەیی و پێویستی ژیانكردن، مرۆڤیش وەک بوویەكی عاقڵ و خاوەن ناو چ پێوەندییەكیان هەیە؟ ئایا لەگەڵ بەرز و نزمی ژیانكردن و ڕووداو و پێشهاتەكان ئەوە كەسایەتیی مرۆڤەكانن كە دەگۆڕێن یان ناوەكانیان؟ یان لۆژیكییە كاتێک مرۆڤێک لەوپەڕی باوەڕداری بۆ ئەوپەڕی بێ باوەڕی دەگۆڕێت، لە ئەو وپەڕی میهرەبانییەوە بۆ ئەوپەڕی بێ بەزەیی دەگۆڕێت..تاد، هەمان ناو نوێنەرایەتیی بكات؟! یان ڕاستییەكەی ئەوەیە مرۆڤ ناوێكە و چەندین كەسایەتی لە پشتییەوە خۆی حەشار داوە. ((ئایا تۆ دەتوانیت بەدرێژایی تەمەنت یەک وەڵامت هەبێت بۆ پرسیاری: من كێم؟ ئەوكاتەی مسوڵمانێكی ئیماندار، یاخود چەپ و بێباوەڕ بوویت، تۆ هەر یەک كەس بوویت؟ ئەوكاتەی لەڕێزی شۆڕش بەناوی ئازادییەوە دەجەنگایت، هەر ئەو كەسە بوویت دوای شۆڕش بووە بازرگانی نەوت؟ یاخود چەندان كەسایەتی جیاوازیت و لەپشت ناوێكەوە خۆت حەشارداوە؟ وەک ئەوەی ناوەكان ئامرازێک بن بۆ خۆحەشاردان و ناو ڕواڵەت بێت و مرۆڤیش گەوهەر بێت))(محەمەد: 2019، 22). دواتر ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ ڕوو لە خوێنەر دەكات و لە كەشێكی ڕووبەڕووی بەراوردكارییانەدا سەرنجی ڕادەكێشێت و لە فۆرمێكی دواندندا لەڕێگەی جێناوی "تۆ"ش دەڵێت دەشێ من چەند ناوێک بەناوی ئازاد بناسم، بەڵام ڕەنگە تۆی "خوێنەر" چەند ناوێک بەناوی "ئازاد" بناسیت. ((ئێستا واز لە ناوی خۆت بهێنە و ئەو كتێبە بچووكە بەدەستەوە بگرە، كە لە زۆربەی ماڵەكاندا هەیە و ناوی "ناوی كوردی بۆ منداڵان"ە و چاو بە پەڕەكانیدا بخشێنە. لەناو ئەو ناوە زۆرەی بۆ كوڕان و كچان نووسراون، با ناوی "ئازاد" بە نموونە وەربگرین و ئەندێشەی ئەوە بكەین چەند كەس لەژێر ئەو ناوەدا پلێن دەكرێت؟ یەک كەس یاخود بیست، سەدان و هەزاران كەس؟ من بۆ خۆم نازانم و دڵنیا نیم لەو ژمارەیە، چونكە دەشێ لە ئێران، پاكستان ئەفغانستان و هیندستانیش زۆر كەس هەبێت ئەو ناوەی هەڵگرتبێت. بەڵام ئەوی دڵنییام لێی، ئەوەیە من چەند كەسێک بەو ناوەوە دەناسم، "هەر چۆن دەشێت تۆش چەند ئازاد ناوێک بناسیت"، وەک: ئازاد شەوقی، ئازاد سوبحی و...))(محەمەد: 2019، ۲۲-۲۳). لێرەدا ڕۆماننووس پرۆسەی بەئامادەگی خوێنەر لە ڕۆمانەكەی ئەنجام دەدات و بیری خوێنەر دەهێنێتەوە كە خوێنەرە و هێندەش بە گێڕانەوە و ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ڕۆمانەكەیدا ڕۆنەچێت، لەو دونیا خەیاڵەی تێی كەوتووە بیگەڕێنێتەوە بۆ دونیای واقیعی خۆی و هەستێت كتێبێكی ناوی كوردی بۆ منداڵان بگرێت بەدەستییەوە، بەمەش پرۆسەی سپاردنی خوێنەر بە سەرچاوەیەكی دی جگە لە ڕۆمانەكە ئەنجام دەدات، كە خاڵی گرنگ و ئامانجی سەرەكی هونەری میتاڕۆمانە.

یان لە بەشی كۆتایی ڕۆمانەكەی بەناوی "ڕازی ناوەكان.. بیركردنەوە لە نووسینی ڕۆمانێک" ڕۆماننووس خۆی لە خوێنەر ئاشكرا دەكات و بەئاگای دەهێنێتەوە كە چۆن ئەم ڕۆمانەی بندەستی نووسیوە، ئەمە جگە لەوەی خوێنەر پەلكێشی دونیای ڕۆمانەكەی دەكات ئەركی نووسینی ڕۆمانێكی هاوشێوەی پێدەسپێرێت. ((ئێستا تۆش وابزانە ئەوەی تا ئێستا من لە پێشەوە نووسیومە، تۆ هیچت نەخوێندۆتەوە و فەرامۆشی بكە. بەسەرهاتی شێركۆ و مریەم و دەستنووس و بكوژەكانیش فەرامۆش بكە و بیریش لە ڕازی "ع.م" مەكەرەوە، چونكە ئەویش ناوێكە وەک هەزاران ناویتر و دەشێت لە زەمان و شوێنی جیاوازدا، لە ژیانی جیاواز جیاوازدا بەرجەستە ببێت، بەپێی ئەو كەسانەی ئەندێشەی دەكەن و بیری لێ دەكەنەوە، وەک چۆن تۆ ئێستا وادەكەیت، هەموو ئەو شتانە فەرامۆش بكە و بیهێنە بەرچاوت، ڕۆژێكی پڕ باران، خۆت دەكەیت بە قاوەخانەیەكدا و مێزی یەكێک لە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گۆشەکانی چۆڵە و سەرنجت ڕادەکێشێت. دەچیت لەوێ دادەنیشیت. دوای ئەوەی بە چواردەورتدا دەڕوانیت و بەدەم چاوەڕوانییەوە، ئەو کاغەزە هەڵدەگریت، کە لەسەر مێزەکە جێهێڵدراوە، وەک چۆن من وام کرد))(محەمەد: 2019، ١٨٣).

وەك دەبینین و لە بەشە تیۆرییەکەشماندا ڕوونمانکردەوە کە لەم تەکنیکەی میتاڕۆماندا ڕۆماننووس خوێنەرەکانی لە نهێنی هونەرکاری و شێواز و جۆرایەتی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ئاگادار دەکاتەوە، واتە خوێنەر جگە لە بەرکەوتنی بە جیهانی ڕۆمانەکە بە هەموو ئەو دۆخە نەوتراوە هونەرییانەش ئاشنا دەبێت کە ڕۆماننووس وەك لایەنی داهێنانکاری خۆی دەیانبینێت.

هەروەها لە بەشی پێنجەم، یان گێڕانەوەی پێنجەمی ڕۆمانی "گێلاسی خوێن"دا دەردەکەوێت، کە ئایا مردن بەفریای شارسازەکە دەکەوێت؟: لەم بەشەدا شارساز وەك گێڕەرەوەیەکی مردوو "لەپێناو نەمری و دروستکردنی وێنەیەکی دی شاری سلێمانی" باسی خۆی و پیشەکەی و کوژرانەکەی دەکات، کە لەڕێگەی جێناوی "تۆ"وە خوێنەر دەهێنێتە نێو بونیادی گێڕانەوەکان و بەشداری پێدەکات، بەئاگای دەهێنێتەوە لە پرس و ڕامانە ناوەکییەکان کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕووداوەکەوە لەلای دروستدەبێت. بەدیوێکی دیدا ڕۆماننووس خۆی لە خوێنەر ئاشکرادەکات و دەیدوێنێت، لێرەشەوە پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر زیاتر بەرجەستە دەبێت، دیارە ئەم جۆرە تەکنیکەش پایەیەکی گرنگی میتاڕۆمان پێکدەهێنێت. ((کاتێك تۆ ئەم دێڕانەم دەخوێنیتەوە و ناتوانیت ڕێڕەوی ڕووداوەکان بگۆڕیت یاخود دەتەوێت بەدوای بکوژەکەدا بگەڕێیت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەوەی منی کوشت هەر ئەو کەسەیە کە لەپێشت دروستکردن و وێرانکردنی ئەم شارەوە وەستاوە و نەیدەتوانی قبوڵی شارێکی وەهمی بکات کە خۆشی نوسخەیەکی تری لەخۆی تێداهەبێت، چونکە نەیدەزانی سەرئەنجام ئەم وەك کامیان دەژی و خودا لەگەڵ کامیان لێپرسینەوە دەکات))(محەمەد: 2007، 50). دیارە ئەم شێوازە دووردەکەوێتەوە لە شێوازی ڕۆماننووسین و چیرۆکنووسینی بەلزاکی، کە لە ڕەخنەی کۆندا دەرکەوتنی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسیان لە دەقدا بە خەوشێکی هونەری گەورە دەزانی و پێیان وابوو کە ڕۆمانی چاك و سەرکەوتوو ئەو ڕۆمانەیە کە پێویستی بەناداپریی و جدییەتێکی زۆری ڕۆماننووسە و پێویست دەکات لە ژیانی ڕاستەقینەوە نزیك بێت، بۆیە هەتا بۆیان بکرایە خۆیان لە خوێنەر دەشاردەوە و نەیاندەهێشت جێدەستیان بە بەرهەمەکانیانەوە دیار بێت(ڕۆژبەیانی: ٢٠٠٨، 115).

بەکورتی کارکردنێکی ورد و زیرەکانە، بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی میتاڕۆمان و دواندن و کەمەندکێشکردنی خوێنەر لەم ڕۆمانەدا کراوە، سەرسامبوونێکی ناوەکی و دەرەکیش دێنێتەئاراوە. ناوەکی بەوەی کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە (کوڕە گەنجەکە)ش دۆشداماوە لەوەی کە دەبێت نووسەری ئەو وشە هێڵ بەژێرداهاتووانەی ناو کتێبەکان کێ بێت؟! کە وا کتێبێکی لەناو کتێبەکاندا حەشارداوە. دەرەکیش بۆ خوێنەری ڕۆمانەکەیە، کە ڕۆماننووس چۆن توانیوێتی ئەو پەیوەستییە لێکنەپچڕاوە لەنێوان گێڕانەوەکاندا دروستبکات، بەبێ ئەوەی کەسیان لەوی دیان دابڕێت، یان بێ ئەرك گێڕانەوەیەك بێتەئاراوە.

**پاری دووەم/ تەکنیکی گێڕانەوە لەنێو گێڕانەوە، یان هەبوونی دوو حیکایەت یان زیاتر لە یەك ڕۆماندا یان چیرۆك لەناو ڕۆمان یان ڕۆمان لەناو ڕۆمان، کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەکەونە ناو یەکترییەوە:** ئەم شێوەیەش وەك پەیڕەوکردن مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە، بۆ نموونە لەناو زۆرێك لە بەرهەمە داستانئامێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوونی هەیە لەوانەش: (هەزارویەك شەوە، کەلیل و دیمنە، مرزبان نامە...تاد). بەڵام وەك لایەنی هونەریی و دانانی تیۆر و ڕێگە و شێوازی زانستی لە چیرۆك و ڕۆمانە هاوچەرخەکاندا بڵاوبووەتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانە ئەزموونییەکاندا، کە وادەبینرێت کاریگەرییەکی هۆشیاری بەخۆی هەبێت، زۆرجار خۆی ڕاڤەی خۆی دەکات، یان دەبێتە بەرهەڵستی خۆی، هەندێکجاریش کەشفی دارشتەی خۆی دەکات، بۆیە لە زۆر باردا مەرج نییە چیرۆکی دووەم ببێتە تەواوکەری گێڕانەوەکانی چیرۆکی یەکەم بەقەد ئەوەی کە دەبێتە تێڕوانین و ڕەخنە و بیرکردنەوە لە کۆی ڕۆمانەکە(القاضی: 2010، 335). لە ڕوانگەی خوێنەریشەوە ئەم شێوەیە پێویستی بە خوێنەری هۆشیار و بیرتیژە، تا پەیوەستی لەنێوان گێڕانەوەکاندا بدۆزێتەوە و لێکیانبدات، بە سەرنجەوە لە هاتنی ئەرك و کارنامەی هەر گێڕانەوەیەك وردببێتەوە، بۆیە خوێنەر لەمجۆرە تەکنیکەدا بێ ئەرك نییە، چونکە بەکاربردنی ئەم تەکنیکە لەلایەن ڕۆمانووسەوە بەشداری پێکردنی خوێنەرە لە ئاستە جیاوازەکانی گێڕانەوەدا، ئەرکی بەکارهێنان و ئاگاداربوون و سەرنجڕاکێشان و گرێدانی ڕووداوەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، تا زیاتر بەئاگابێت و بەنێو ڕووداوەکانەوە ڕۆبچێت.

دەشێت لەم تەکنیکەی میتاڕۆماندا ڕۆمانەکە کارەکتەرێکی تێدابێت کە نووسەر بێت و خوێنەر لە چۆنێتی نووسینی چیرۆکێك یان ڕۆمانێك لەناو ڕۆمانی بنەڕەتی ئاگاداربکاتەوە، دیارە ئەمەش بۆ گەمەی گێڕانەوەی ڕۆماننووس و بەرجەستەکردنی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە، واتە ڕۆمان لەناو ڕۆماندا، یان چیرۆك لەناو ڕۆماندایە، باس و خواسی هونەری گێڕانەوە و بەکاربردنی تەکنیکەکانە، بەمەش گێڕانەوەی یەکەمی ڕۆمانی بنەڕەتی دەبێتە خاوەنی چەند کورتە ڕۆمان و چیرۆکێکی ناوەکی، کە هەموویان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و لەدواتردا ڕۆماننووس بەکارکردنێکی ئیستێتیکی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، یان هەندێکجار دەشێت لەیەك دووربن و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پەیوەستییەکی کاڵیان لەنێواندا بێت، لێرەشەوە ڕۆماننووس پرۆسەی گێڕانەوە لەنێو گێڕانەوە وەك شێوەیەکی میتاڕۆمان دەهێنێتەئاراوە، بۆیە ئەم تەکنیکە پێویستی بە ئاستبەرزی ڕۆماننووسە لەڕووی هونەریی و چۆنێتی ڕاکێشانی خوێنەر و پێکەوەگرێدانی چیرۆك لەنێو چیرۆك و ڕۆمان لەناو ڕۆمان و دەرخستنی قورسایی و ئەرك و کارنامەی هەرکامیان لەکۆی پرۆسەی گێڕانەوەکانی ڕۆمانی بنەڕەتیدا.

بەبڕوای جیرارجنێت ئەم تەکنیکە بەسەر سێ شێوەدا دابەشدەکرێت:

1- شێوەی ڕاڤەیی: لەم شێوەیەدا هۆکارێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕووداوەکانی چیرۆکی یەکەم و دووەمدا هەیە، واتە بە هەموویان دەبنە حیکایەتێکی چوارچێوە بۆ داڕێژراو و ڕووداوەکانیش ئەو چوارچێوەیە پێکدەهێنن.
2- شێوەی بابەتی: لەم شێوەیەدا هیچ پێوەندییە شوێنی و کاتی لەنێوان ڕووداوەکانی چیرۆکی یەکەم و دووەمدا نییە، بۆیە دەتوانین ئەم بێ پێوەندییەیان بە پێوەندییەکی بەرامبەری لەگەڵ یەکتر دابنێین.
3- شێوەی بێ پێوەندییەکی ڕوون لەنێو گێڕانەوەکاندا: لەم شێوەیەشدا هیچ پێوەندییەکی ڕاشکاوی لەنێوان ئاستەکانی حیکایەتی یەکەم و دووەمدا نییە، چونکە پرۆسەی گێڕانەوەکە هەڵدەسێت بەو ئەرکەی کە لە حیکایەتەکەدا هەیە، کە زیاتر وەك ئەرکی چێژ و جوانی، یان بۆ ئاڵۆزکردنی ڕۆمان و دواخستنی گرێی سەرەکی دەردەکەوێت(القاضي: 2010، 337).

نموونەی هەرە دیاریش لەم تەکنیکەدا زۆرن، لەبارەی سروشتی گێڕانەوە و گۆڕان و بەکارهێنانی چیرۆك لەنێو ڕۆمان یان ڕۆمان لەنێو ڕۆمان، بۆ نموونە ڕۆماننووسی فەڕەنسی ئەندرێ جید "Ander Gide 1951- 1869" لە ڕۆمانی "ساختەکارانی پارە"دا "Les Faux-Monnayeurs__The Counterfeiters" کە ساڵی "1925" بڵاوکراوەتەوە، بەکاریهێناوە. ئەندرێ مەبەستی بوو لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕۆمانێکی نوێی هونەریی بەرهەمبهێنێت کە پێش خۆی نەنووسرابێت، بەتایبەتیش لەڕووی شێواز و تەکنیکەوە کە توانی هونەری گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەدا هونەرمەندانە بەرهەمبهێنێت، کە ئەمەش تەکنیکێکە لە لادان لە شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی و شێوازێکی هونەریی میتاڕۆمانە کە دەنگی ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا دەناسرێتەوە(ڕەشید: 2007، 125- .(en.Wikipedia.Org/Wiki/The-Counterfeiters-(novel)

سەرەتای بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان"دا کە بۆ خۆی ڕۆمانێکی سەربەخۆیە و ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و لەسەر بەرگی ڕۆمانەکەش نووسراوە، ماوەی تەنیا یەک هەفتە "سەرلەبەیانی 11ی سێپتەمبەر تا 17ی سێپتەمبەر" دەگرێتەوە، کە لەناویدا چەندین گێڕانەوەی جیاجیا و هونەری نواندنی جیاواز لە بواری گێڕانەوەگەری نوێی پەیوەست بە میتاڕۆمانەوە لەخۆدەگرێت. لەنێو ئەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێک دەستنووسی شێرکۆی کارەکتەری سەرەکی هەیە دوای ئەوەی کە کێشەیەک دەکەوێتە نێوان شێرکۆ و مریەمی هاوسەری، تا ئەوەی لە بەیانییەکی چاوەڕوان نەکراودا مریەم بڕیاری جیابوونەوە دەدات، بۆیە کاتێک بەناو دەستنووس و شتە تایبەتەکانی مێردەکەیدا دەگەڕێت، دەستدەکات بە خوێندنەوەی یەکەم بەشی دەستنووسەکانی شێرکۆ کە کەرەستەی ڕۆمانێکی دیبە بەناوی "سوارەکانی تەنیایی"، دوای ئەوەی مریەم دەستدەکات بە خوێندنەوەیان، بۆی دەردەکەوێت کە هۆکار و سروشی نووسینی ئەم چەند دەستنووسەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانێکی دی بەناوی "چەتەکانی خەیاڵ" کە شێرکۆ لە ڕۆژێکی باراناویدا بە ڕێکەوت لە کتێبفرۆشێکی کریوە. ((ئێستا دەمەوێت ڕازێکت بۆ ئاشکرا بکەم و پێتبڵێم بەسەرهاتی نووسینی ئەم کتێبە، پەیوەندیی بە ڕۆمانێکەوە هەیە بەناوی "چەتەکانی خەیاڵ"، کە ڕۆژێکی باراناوی بەڕێکەوت لە کتێبفرۆشییەک کڕیم و بەسەر نهێنی ژیان و بەسەرهاتی ناوەوەمی و خوازراوەکاندا کردمییەوە))(محەمەد: 2019، 27). ئیدی لێرەوە خوێنەر بەر زۆرێک لە گێڕانەوە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانی "سوارەکانی تەنیایی" و ڕۆمانی "چەتەکانی خەیاڵ" دەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی لەناو ئەم سێ ڕۆمانە سەرەکییەدا بەر چەندین کورتە چیرۆک و ڕۆمانی تر دەکەوین، کە بە هەموویان هونەری میتاڕۆمان بەرجەستە دەکەن، لێرەشەوە عەتا محەمەد یەکێک لە تەکنیکەکانی میتاڕۆمان بەرجەستە دەکات کە بریتییە لە ڕۆمان لەناو ڕۆمان، یان چیرۆک لەناو ڕۆمان، کە دەبێتە هۆی سپاردنی ڕووداو و حیکایەت و پرۆسەی گێڕانەوەگەرییەکانی ناویان بەشێوەی یەک لەدوای یەک بە یەکتری، کە وەک زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراو پێکەوە بەستراون، کە هەوڵدەدەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئاماژەی پێبکەین:

أ/ ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی کە ڕۆماننووس خۆی لەناو ڕۆمانی سەرەکیدا دایدەهێنێت، واتە بوونێکی واقیعی و بەرجەستەیی نییە، بەڵکو داهێنراوی خەیاڵی ڕۆماننووسە و وەک بەرجەستەکەی لایەنی ئیستێتیکی و نواندنی ئاستبەرزی تەکنیکی، لەپێناو بەخشینی چێژی زیاتر بە خوێنەر دایدەهێنێت، وەک: ڕۆمانی سوارەکانی تەنیایی- چەتەکانی خەیاڵ...تاد.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ب/** ئەو گێرانەوە و چیرۆک و ڕۆمانانەی کە ڕۆماننووس خۆی لەناو ڕۆمانی سەرەکیدا دایناهێنێت، بەڵکو بوونێکی واقیعی و بەرجەستەیی و مێژووی و ئەفسانەیی و فۆلکلۆریان هەیە و داهێنراوی خەیاڵی ڕۆماننووس نیین، نووسەری واقیعییان هەیە و ڕۆماننووس تەنیا قسەیان لەسەر دەکات و بۆ بەرجەستەکردنی ئاستبەرزی و بەئاگایی خۆی لە بواری گێرانەوەدا ناویان دەهێنێت ئاماژە بە ڕووداوەکانی ناویان دەکات، یان هەندێک جار وەک یادەوەری و لێکچوونی ڕووداوێکی ناو ڕۆمانەکەی بە ڕووداوێکی دیی ناو ڕۆمانێکی دی باسی دەکات و گێرانەوەکەی درێژە پێدەدات و بەپێزتری دەکات، وەک: ڕۆمانی جیهانی سەدام- ڕۆمانێکی مارکیز...تاد.

**ڕۆمانی یەکەم/** بریتییە لە ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" خۆی بۆ خۆی ڕۆمانە سەرەکی و بنەڕەتییەکەیە بریتییە لە گێرانەوەی بەسەرهاتەکانی شێرکۆ و مریەم و کێشەی نێوانیان کاتێک لەسەرجێکردن شێرکۆ لەبری ناوی مریەم بانگی ناوی ماریا دەکات. ((مریەمیش زۆرجار لەدوای جووتبوونیان و لاچوونی شێرکۆ و سڕینی لەشی، یەکسەر سەیری کاتژمێرەکەی تەنیشتی خۆی دەکرد، وەک ئەوەی بیەوێت بزانێت زەمەن وەستاوە یان نا. بەڵام ئەمجارە جیاواز لە هەموو جارێکی دی، ئەوکاتەی شێرکۆ بە دەنگێکی خنکاوەوە وتی: ماریا یەک تۆز قاچت بەرزکەرەوە... هەموو شتێک وەک شکانی باڵەخانەیەکی شووشە، لە مریەمدا شکا و هاڕەی کردە خوارەوە))(محەمەد: 2019، 16)، بۆیە لە بەیانییەکی چاوەڕوان نەکراودا مریەم بڕیاری جیابوونەوە لە شێرکۆ دەدات، لەناو ئەم ڕۆمانەدا بە ڕۆمانێکی دیش دەکەوین بەناوی: جیهانی سەددام حسین.

**ڕۆمانی دووەم/** بریتییە لە ڕۆمانی "سوارەکانی تەنیایی" کە خۆی لە کۆمەڵێک دەستنووسی شێرکۆدا دەبینێتەوە، کاتێک لە زاری مریەمی خێزانییەوە دەگێڕدرێتەوە بەر ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناوی دەکەوین. ((مریەم جارێکی تر کەوتە سەرپشت و هەر بەڕووتی پاش ڕێککردنی پشتییەکەی ژێر سەری، دەستی بە خوێندنەوەی یەکەم بەشی دەستنووسەکەی شێرکۆ کرد، کە ڕۆمانێک بوو بەناوی "سوارەکانی تەنیایی"یەوە، وەک لە یەکەم لاپەڕەدا نووسرابوو))(محەمەد: 2019، 19)، کە گرنگترین باسی بریتییە لە وروژاندنی پێوەندیی ناوەکانە بە مرۆڤەکانەوە، کە ئایا ئەوەی دەژی مرۆڤ خۆیەتی یان ناوەکەیەتی؟! ((ئەوەی لە ئێمەدا دەگۆڕێت خۆمانین یاخود ناوەکانمانە؟ وەک ئەوەی ئێمە لەو پاڵەوانانە نەچین، کە لە سەرەتا تا کۆتایی فیلمەکان، بەدکار و خراپەکار، یاخود عاشقن، بەڵکو ئێمە لە ژیانماندا چەندین کەسایەتی جیاواز دەژین. هەر چۆن دەشێ چەندینجار بەناوی جیاوازەوە بژین))(محەمەد: 2019، 22). لەناو ئەم ڕۆمانەشدا بەر کۆمەڵێک ڕۆمان و چیرۆکی دی دەکەوین لەوانە: ڕۆمانی هەموو سپێدەکانی جیهان- ڕۆمانێکی بێناوی مارکیز- ڕۆمانی پشکنەرە کێوییەکان- ڕۆمانی بارتیبی و هاوڕێکانی- چیرۆکی کوڕە قژلوولەکە- چیرۆکی کوچە خوێناوییەکان- چیرۆکی وێنەی شەیتان- چیرۆکی شارێکی دڵگیر- چیرۆکی شاری ڕەنگەکان.


**ڕۆمانی سێیەم/** بریتییە لە ڕۆمانی "چەتەکانی خەیاڵ" کە لەناو ڕۆمانی "سوارەکانی تەنیایی" و کۆمەڵە دەستنووسەکەیدا هەیە، کاتێک لە ڕۆژێکی باراناوییدا شێرکۆ لە کتێبفۆشێکی دەکڕێت و کە بۆخۆی ڕۆمانێکی سەرنجراکێش و سەرسامکەرە. ((ڕۆمانی "چەتەکانی خەیاڵ" کە من و ماریا لە کەناری دەریا بەیەکەوە خوێندمانەوە، ڕۆمانێکی کورت بوو لەبارەی دەستەیەکی سێ کەسییەوە، دوای ئەوەی نازییەکان لە دووەمین جەنگی خوێناوی و کاولکاریی جیهاندا، دەستدەگرن بەسەر بەشێکی زۆری ئەورووپادا، لە ستۆکهۆڵم دروست دەبێت و کاریان نووسینی ڕۆمانە بەدزییەوە))(محەمەد: 2019، 72)، هەروەک ئەم ڕۆمانە هەندێک ڕۆمانی دی لەخۆدەگرێت لەوانە: ڕێگایەکی دی بۆ مردن- دوو ڕۆمانی نهێنی.

**ڕۆمانی چوارەم/** ڕۆمانێکی بێناوە کە شێرزاد لە نیوەی نووسینی تەواوبووە و بێئاگایانە دەچێتەوە سەر بەسەرهات و ڕووداوەکانی شێرکۆ و مریەمی کارەکتەری ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان"، کە بەڕێکەوت مریەم شێرزادی ڕۆماننووس دەبینێت، ئەمە جگە لە باسکردنی ژیانی سێ ژنی هاوڕێی مریەم "شەوبۆ- ڕوناک- هەڵاڵە" لە ئەورووپا، ((شێرزاد وتی: سەرەتای نووسینی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەوکاتەی تووشی کێشەبیم لەگەڵ کونسوڵخانەی عێراق بە ماوەیەک، مەبەستم کێشەی ناوەکەمە. ئەوکات لە هەوڵی نووسینی ڕۆمانێک بووم، دەمویست لە ڕێگایەوە باسی ژیانی چوار ئافرەتی کورد بکەم، کە لە خۆرئاوا دەژین))(محەمەد: 2019، 167). دیارە ئەمەش بە کارکردنێکی ئیستێتیکی و داهێنەرانە ڕۆماننووس ڕۆمانی یەکەم و بەسەرهات و گێرانەوەکانی پەیوەست بە مریەمەوە دەبەستێتەوە کە دەکاتەوە ڕۆمانی یەکەم "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" وەک لەم هێڵکارییەی لای خوارەوەدا باشتر ڕوونی دەکەینەوە:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية** **ص:18-42**
المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




هێلکاری ژمارە: (١)

هەرچی ڕۆمانی "گێلاسی خوێن"یشە پەیوەست بەم تەکنیکەی هونەری میتارۆمانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك کوڕێکی گەنج بەمەبەستی ئەفراندن بڕیاردەدات ببێتە چیرۆکنووس و هاوڕێکەشی بە مەبەستی تێگەیشتن لە مردن بڕیاردەدات ڕۆمانێك لەسەر مردن بنووسێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەردووکیان لە کتێبخانە دوای تێراما ن لە دەستنووسە کۆنەکان سەرنجدەدەنە ئەو وشانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە. هەر لێرەشەوە کورتە چیرۆکێکی هاومەبەست دێتە ناو زنجیرە دیالۆگی هەردوو کارەکتەر. ((دەزانی پێموایە شتێکی وام لەبارەی چیرۆکێکەوە بیستبێت، کە نوسەرێکی شیرازی دەیگێڕێتەوە کە لە کتێبخانەیەکدا، کوڕ و کچێك لە ڕێگای کتێبەکانەوە نامە دەگۆڕنەوە، ئەویش بە دیاریکردنی وشەی ناو کتێبەکان))(محەمەد: 2007، 10). دوای ئەوەی کوڕە گەنجەکە وشە هێڵبەژێرداهاتووەکانی چەند لاپەڕەیەك لێکدەدات، دەبینێت هەڵگری مەبەستێکی نەوتراوە کە نووسراوە، ئەمەش دەبێتە دەروازەی بەشێکی دی لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی دی بەشداربووی نێو ڕۆمانەکە. دوای ئەم سەرەتایە و دوای ئەوەی کوڕە گەنجەکە بڕیاردەدات بەناو سەرجەم وشە هێڵبەژێرداهاتووەکانی نێو کتێبەکان بگەڕێت و لێکیان بدات، لەئاستی نەوتراویشدا ڕۆماننووس بە هێڵێکی کاڵ خۆی لە خوێنەر ئاشکرادەکات، دواتر چەند بەش و گێڕانەوەیەکی دی پێکهاتەی کۆی ڕۆمانەکە کە خۆی لە سەرجەم ئەو بەسەرهاتانەدا دەبینێتەوە کە بەسەر مردنی کارەکتەر و قوتابییەکەیدا دێت:- ((کوڕە گەنجەکە دوای ئەوەی فەسڵەکانی کتێبە شاردراوەکەی دۆزییەوە، بەمجۆرە ڕێکیخستن کە لەم کتێبەدان و لەژێر ناوی "گێلاسی خوێن"دا نووسینیەوە. ئەگەرچی دەیزانی هەرکەسێکی تر ئەو کتێبەی بدۆزیایەتەوە، ئەوا بەجۆرێکی تر ڕێکیدەخستن، چونکە ئەویش بەدوای چارەنووسی خۆیدا دەگەڕا. کوڕە گەنجەکە ئەو بەشەی بە یەکەم بەشی کتێبەکەی دانا کە لەژێر ناوی "مردن لەسەر زەمینی ئەفسانەدا" بوو))(محەمەد: 2007، 12).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:18-42

لێرەشەوە عەتا محەمەد لەرێگەی کارەکتەرێکی چیرۆکنووسی نێو ڕۆمانەکەی (کوڕە گەنجەکە) کە خەریکی نووسین و ڕێکخستنی وشە هێڵبەژێرداهاتووەکانی نێو کتێب و دەستنووسەکانی سەردەمی بابانە، یەکێك لە شێوەکانی تەکنیکی میتارۆمان لە ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەدەکات، ئەویش لەرێگەی کارەکتەرێکی چیرۆکنووسەوە هەوڵ و تەقالای هونەری چیرۆکنووسین دەبینین کە لەشێوەی گێرانەوەیە لەنێو گێرانەوەدا، یان چیرۆك لەنێو ڕۆماندایە و کارەکتەری چیرۆکنووس وردە وردە خۆی دێنێتە پێشچاوی خوێنەر.

گێرانەوەی یەکەم مردن لەسەر زەمینی ئەفسانەدا: ئەم بەشە باسکردنە لە مردن و قوتابییەکەی، چونکە لەم ڕۆمانەدا مردن وەك کارەکتەرێك ڕۆڵگەڕانە وێناکراوە، بۆیە لەم گێرانەوەیەدا جگە لە کۆمەڵێك باسی مەرگ و دۆخی پێش مەرگ و چۆنێتی ڕۆحکێشان، هاوکات مردن لەشێوەی کارەکتەردا لەگەڵ قوتابییەکەی دەیانەوێت فریای گیانکێشانی ئەو ڕێژە زۆرە بکەون کە شەڕ و کوشتار و تاعون و برسێتی و نەهامەتی ڕۆژگار بەسەریهێناون و چاوەڕێی هاتنی مەرگ دەکەن، ئەمە جگە لە هەوڵدان بۆ گیانکێشانی چەند شەرکەرێکی یەکێك لە لەشکرەکانی بابان، کە دوای کوژرانیان توانیویانە لە مەرگی خۆیان هەڵبێن و بگەڕێنەوە بۆ ناو ژیان. بۆیە لە بەرئەنجامی گێرانەوەی ئەزموونە بینراوەکانی مردن و لەشێوەی فێرکردن و گەیاندنی بە قوتابییەکەی چیرۆکێکی دی دەگێڕێتەوە کە ئەویش بریتییە لە گێرانەوەی گیانکێشانی کیمیاگەرێك:- ((شەوێکی درەنگ گەشتمە لای کیمیاگەرێکی پیری شاری بەغدا، کە تەمەنی لەو ژورە بچوکەدا بردبووە سەر کە تاقیگاشی بوو، بەدەم نرکەوە لە گۆشەیەکی ژورەکەیدا و لەناو چەند کتێبێکی کۆن و کەمۆڵە و شلە ڕەنگ جیاجیاکاندا گیانیدەدا، تەنها قوتابییەکی خۆی بەدیاریەوە دەگریا کە دوو ساڵ بوو لەگەڵیدا دەژیا و لە کوێربوونیدا بەردەستی دەکرد و یارمەتیدابوو. کیمیاگەرەکە لەژێر لێوەوە دەپاڕایەوە کەمێك مەرگی دوابکەوێت تا بەفریای ئاشکراکردنی نهێنیەك بکەوێت بۆ قوتابییەکەی کە لەبارەی دۆزینەوەی ئەکسیری مادەوە بوو کە پاش بەدەستهێنانی دەیتوانی هەموو شتێك بگۆڕێت بۆ ئاڵتون و تا ئەو کاتە شاردبوویەوە، چونکە نەریتی ئەو نهێنیە وابوو کە تەنها لەسەرەمەرگدا بۆ ئەو قوتابیە ئاشکرادەکرێت کەجێی متمانەی مامۆستاکەیەتی و ئەویش بە هەمان شێوە لە زەمانێکی تردا بۆ قوتابییەکەی خۆی ئاشکرادەکات. بێئەوەی کەسیان ئەو ئەکسیرە ببینن... تاد))(محەمەد: 2007، 18-19). پاشان گەڕانەوە بۆ گێرانەوەی یەکەمی ڕۆمان کە خۆی لە ڕێکخستن و دۆزینەوەی وشە هێڵبەژێرداهاتووەکاندا دەبینێتەوە کە کوڕە گەنجەکە خەریکییەتی، دیارە ئەمەش دەکاتە گێرانەوە لەنێو گێرانەوە لەنێو گێرانەوە، کە ئەگەر گێرانەوەی یەکەم نەبێت دووەم نابێت، دووەمیش نەبێت سێیەم نابێت، سێیەمیش نەبێت چوارەم نابێت بەم شێوەیە:

1- **گێرانەوەی یەکەم:** کارکردنی کوڕە گەنجەکە بۆ ڕێکخستن و داڕشتنەوەی وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان.
2- **گێرانەوەی دووەم:** دەلالەتە لە یەکەم بەشی بەرهەمهاتووی وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان بەناوی "مردن لەسەر زەمینی ئەفسانەدا"، کە باسکردنی مردن و قوتابییەکەیەتی.
3- **گێرانەوەی سێیەم:** هاتنەناوەوەی چیرۆکی گیانکێشانی کیمیاگەر لەناو گێرانەوەکانی چیرۆکی دووەمدا.
4- **گێرانەوەی چوارەم:** گەڕانەوەیە بۆ گێرانەوەی یەکەم کە خۆی لە تەواوکردنی بەشی یەکەمی "مردن لەسەر زەمینی ئەفسانەدا" دەبینێتەوە، هەوڵەکانی کوڕە گەنجەکە بۆ لێکدان و ڕیزکردنی وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکانی بەشی دووەمی کتێبەکەی بەناوی "لەشکری خۆڵ", کە بە ئاماژەیەکی کورت لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدراوە.




**هێڵکاری ژمارە: (2)**


دەبێت ئەوەش بڵێین کە کۆتاییهاتنی زۆر بەشی ئەم ڕۆمانە دەبێتە دەروازەیەك بۆ هاتنی بەشی دوای خۆی، کە بەشێوەیەکی ورد و هونەرمەندانە بە زنجیرەیەکی لێکنەپچڕاو بەدوای یەکدا ڕێکخراون، ئەمەش دەبێتە دەرخەری توانا و شارەزایی ڕۆماننووس


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لەم بوارەدا، چونکە لە چەند ڕۆمانێکی دیدا ئەم ئەزموونەی تاقیکردووەتەوە، کە بێگومان ئەمەش نیشانەی شارەزایی و کامڵی لایەنی تەکنیك و جۆرەکانی گێرانەوە دەردەخات.

هەرچی بەشی "گێلاسی خوێن"ی نێو ڕۆمانەکەشە گێرانەوەیەکی میتارۆمانانەیە دەچێتە خانەی تەکنیکی گێرانەوە لەناو گێرانەوە، چونکە لەرێگەی گێرانەوەکانی مردن بۆ قوتابیەکەی باس لەو کورە گەنجە دەکات کە لە کتێبخانەکەدا خەریکی وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکانە، واتە ئەگەر لە بەشەکانی دی و گێرانەوەکانی دیدا لەرێگەی کورە گەنجەکەی نێو کتێبخانەوە بووبێت، واتە خوێنەر لەم دەروازەیەوە بە چیرۆکەکانی دی ئاشنابووبێت، ئەوا لەم بەشەدا بە پێچەوانەی لۆژیکی کات و ڕێڕەوی گێرانەوەکانەوە لەرێگەی کارەکتەری نێو گێرانەوەکانەوە "مردن و قوتابیەکەی"، خوێنەر بە چیرۆکەکانی ئەو کورە گەنجە ئاشنادەکرێت، کە لە هەوڵدابوو ببێت بە چیرۆکنووس، هەربۆیە دوو چیرۆك دەنووسێت:

یەکەمیان چیرۆکی چەتە ئیماندارەکە: لێرەدا لەرێگەی گێرەرەوەی مردنەوە خوێنەر بە هەناوی چیرۆکەکە ئاشنادەکرێت، کاتێك کورە گەنجەکە لەم چیرۆکەدا دەیویست باس لە ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی دۆزینەوەی خودا بکات کە چەتەیەك تێیدا دەبێتە ئیماندار.
دووەمیان بریتییە لە چیرۆکی گێلاسی خوێن، هاوکات دەبێتە ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکە، لەم چیرۆکەدا کورە گەنجەکە دەیەوێت باس لە چیرۆکنووسێك بکات کە دەیەوێت چیرۆکی "شوشەفرۆشێکی عاشق" بنووسێت، کاتێك ((ئافرەتێك داوای لێدەکات بارەکەی بکاتەوە تا بزانێت چی لەگەڵ خۆی هێناوە، شوشەفرۆشەکە هەستدەکات جارێکی تر ئەو بەردەرگایەی دیبێت و پێی ئاشنایە. دوای ئەوەی ئافرەتەکە چاو بەناو کەلوپەلەکانیدا دەگێڕێت کە پەرداخی گوڵ شەرابی و لیمۆیی، پیاڵەی کەنار ئاڵتوونی، بلوری چراو قاپی کریستاڵی و شێر و ئەسپی شوشەیی تێدایە. ئافرەتەکە درەختێکی بچوك سەرنجی ڕادەکێشێت کە لەسەر لەپی دەستی ڕایگرتووە و سەیری دەکات. ئافرەتەکە بە شوشەفرۆشەکە دەڵێت دەمویست ئەم درەختە لێبکرم ئەگەر ڕەنگی ئەو گێلاسە وردانەی پێوەیەتی سوربوونایە، چونکە من وا هەستدەکەم جارێکی تر ئەم درەختەم دیبێت و گێلاسەکانی سور بووبێتن. بەڵام شوشەفرۆشەکە دەیزانی ئەو درەختە هەرگیز لەو شێوەیە دروست نەکراوە و ڕەنگە ئەو لە خەوندا بینیبێتی، تەنها ڕێگایەکیش لەبەردەمیدا بوو ئەوەبوو کە بە خوێنی خۆی گێلاسەکانی بۆ سور بکات، ئیدی تا دوا دڵۆپ... خوێنی خۆی دەڕژێنێت بەسەر گێلاسەکاندا و سوریان دەکات. لەوکاتەدا چیرۆکنووسەکە دەبینێ لاپەڕەکەی ژێر دەستی بە خوێن سور بووە، بەڵام نازانێت خوێنی خۆیەتی یاخود خوێنی شوشەفرۆشەکەیە ڕژاوەتەسەر لاپەڕەکە))(محەمەد: 2007، 72). واتە لێرەدا لەناو چیرۆکی گێلاسی خوێنەوە بۆ ناو ژیانی کارەکتەری چیرۆکنووس دێتەوە و پاشان بۆ چیرۆکی کورە گەنجەکە و دواتر بۆ مردن و قوتابیەکەی، ئەگەر لە هێڵکارییەکدا ڕوونیبکەینەوە بەم شێوەیە دەردەچێت:




**هێڵکاری ژمارە: (3)**

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:18-42

بێگومان پەنابردنە بەر هونەریی میتارۆمان لەم شێوە گێڕانەوەیەدا جۆرێك لە تێكڕژان و ئاڵۆزی بەناو چیرۆك و بەسەرهاتەكاندا دروستدەكات، بەڵام كێشانی پەیوەستییەكی تۆخ لەنێوان چیرۆكەكاندا، ئەو ئاڵۆزییە لای خوێنەر دەڕەوێنێتەوە و هاوكات بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەكەش هونەریبتر و پتەوتردەكات، چونكە ئەم چیرۆك لەنێو چیرۆكانە بەشێوەیەك داڕێژراون كە هیچیان بێ ئەرك نایەنە ناوەوە و هەریەكەیان لە گۆشەنیگای خۆیانەوە لایەنێكی دی كۆی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە ڕووندەكەنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوێست لەسەر وەرگرتنە ئەوەیە كە لەزۆر شوێنی گێڕانەوەی چیرۆكەكانی ئەم ڕۆمانەدا گەمەیەكی سەیر بە كات كراوە، بەوەی لە گێڕانەوەی ڕابردووەوە "سەردەمی بابان" بۆ كاتی ئێستا و ئامادەكردنی وشە هێڵ بەژێردا هاتووەكان و لێكدان و دارشتنیان لەشێوەی چیرۆك دەگەڕێتەوە، پاشان جارێكی دی بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، كە مۆركی میتارۆمانیانەی تێدا تۆختر كردووەتەوە، چونكە خودی میتارۆمان هەروەك باسمانكرد ((ڕۆمانێكە كە ڕۆماننووس بەئاگاییانە لەنێوان واقیع و خەیاڵدا یاری پێدەكات و خوێنەر لەنێوان فەنتازیا و واقیعی چاوەڕواندا دەهێڵێتەوە))(https://sv.wikipedia.org/wiki/Metaroman).

**پاری سێیەم/ تەكنیكی نووسین و كۆمێنتدان لەسەر چۆنێتی نووسینی ڕۆمان:** ئەم تەكنیكە پتریشیاوو بە خودئاگایی دەق ناوزەدی دەكات و پێی وایە ڕۆمانەكە ئاگایانە لەخۆی دەدوێت و بەشێوەی ڕێكخراو و سیستماتیك سەرنجی خوێنەر بۆ پێگە و تایبەتمەندیی دەستكردی خۆی ڕادەكێشێت(Patricia: 1984, 2). دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لەم جۆرە ڕۆمانانەدا خۆویستییەك هەیە لەسەر ئەوەی لەناو پێكهاتە و چنینی خودی ڕۆمانەكە دید و سەرنجی ڕەخنەیی هەبێت و خۆی بەجۆرێك لە جۆرەكان هەڵسەنگێنەری خۆی بێت، یان خوێنەر لەناو دونیای ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ڕۆمانەكە دوربخاتەوە و ڕاپێچی كەشێكی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەیی بكات، چونكە ((میتارۆمان جگە لەوەی ڕاپۆرت لەسەر چۆنێتی دامەزراندنی خۆی دەنووسێت، نوێنەری هەموو ڕەوتە ڕەخنەییەكانیش لە خودی ڕۆماندا دەكات))(عەلی: 2024، 18).

بەگشتی لەم تەكنیكەی میتارۆماندا ڕۆماننووس باسی چەند بابەتێكی ڕەخنەیی پێوەندیدار بە تەكنیكی ڕۆمانەوە، تێكەڵ بە كردەی گێڕانەوە دەكات، یان ڕۆماننووس ڕەخنەگرئاسا هەر خۆی جۆرە هەڵسەنگاندنێكی دەبێت دەربارەی ڕادەی چالاكی و ناچالاكی لەو شێواز و تەكنیكانەی بەكاریان دەهێنێت(التكرلي: 1985، 65). دیارە ئەم جۆرە مامەڵەكردنە لەگەڵ دەقدا، نیشانەی توانایی ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی ڕۆماننووس دەردەخات، لە لایەكی دیكەشەوە ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە لە گەمە هونەرییەكانی ناو دەق، ئەمەش بە مەبەستی پتر بەشداری پێكردنی لە پرۆسەی داهێناندا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئاوێتەكردنی ئەم تەكنیك و شێوازە جیاوازانە لەگەڵ بنیادی هونەرییانەی ڕۆماندا، ڕەتكردنەوەی شێوازە كلاسیكییەكانی ڕۆمانی ڕیالیزمییەو هەوڵدانێكە بۆ داهێنانی شێواز و تەكنیكێكی نوێی ڕۆماننووسین كە خۆی لە خۆیدا گەڕانە بەدوای دیتنەوەی گۆشەنیگایەكی نوێ بۆ پێوەندیی نێوان ڕۆماننووس و ڕۆمان و واقیع(ڕەشید: 2009، 37).

لەم تەكنیكەدا ڕۆماننووس لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی دوو پێكهاتەی دونیای ئەدەبیاتناسی ئەركی نووسەرێتی خۆی و ئەركی ڕەخنەیی ڕەخنەگرەوە جۆرێک لە تێهەڵكێشكردن لەنێوان هونەریبوونی ڕۆمان و زانستبوونی ڕەخنەدا دێنێتە ئاراوە، دیارە ئەمەش ئەوكاتە بەها وەردەگرێت لەسەر ئەژماری هونەری گێڕانەوەی ڕۆمانەكە نەبێت، یان كەلێنێك لە پێكەوەبەستنی زنجیرەیی ڕووداو و بەسەرهاتەكاندا دروست نەكات، چونكە ئەگەر وابوو لەبری داهێنان و ئەركی تەكنیكی كەموكورتی و لەكی لە بونیادی ڕۆمانەكە دروست دەبێت و خوێنەریش دەخاتە دۆخێكی وەڕسی و نائومێدی، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین خاڵێكی ئەرێنی ئەم تەكنیكە ئەوەیە كە لە یەك كاتدا خوێنەر بەر دوو پەیامی جیاواز دەكەوێت، كە ئەوانیش پەیامێكیان جوانكاری و چێژوەرگرتنە لە دونیای گێڕانەوەگەرییەكانی ناو ڕۆمانەكە، پەیامێكی دیبیان زانیاریی و سوود و ئاگابوونە لە وەستایی و چۆنێتی ئەفراندنی ڕۆمان و نهێنی دونیای ڕەخنە و نووسین.

ئومبێرتۆ ئیكۆ لە كتێبی "خوێنەر لە چیرۆكدا" هەوڵدەدات بزانێت چۆن پێكهاتەكانی ڕۆمان كاردەكەنە سەر وەرگرتنی لەلایەن خوێنەرەوە، بەم كارەش نموونەیەك پێشنیاز دەكات كە مەودای پێبدات بە مانەوە لە چوارچێوەی سیستەمی دەق، كردەوەی خوێندنەوەش شیبكاتەوە، چونكە خوێندنەوە كردارێكی شارەزایانەیە كە خوێنەر بەپێی چەشنێك توانستی خودی ئەنجامی دەدات، چونكە پێكهاتەكانی ڕۆمان بەڕاستی دەخوازن كە خوێنەر توانایی و كردەی شارەزایانە بنوێنێت(ڤەنسان ژووڤ: 2012، ٢٥٦-257). نموونەی ئەم جۆرە تەكنیكە لای ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئەمریكی كورت ڤۆنیگوت "Kurt Vonnegut" لە ساڵی "1969" دەبینرێت، كاتێک لەڕێگەی گێڕەرەوەیەكەوە كە جێگەی متمانە نییە ڕۆمانی " Slaughter house- five or The Children's Crusade" دەگێڕێتەوە لە بەشی یەكەمدا ڕۆماننووس باسی چۆنێتی نووسینی ڕۆمانەكەی دەكات، پاشان لە بەشی دووەمدا كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكەی بەناوی "بیللی" دەناسێنێت، هەروەها لە بەشێكی دیدا هەوڵدەدات بەشێوەی توورە و كاریگەرییانە لە چوارچێوەی گێڕانەوەكانی پێش خۆی لابدات و لە خوێنەر توورە دەبێت، ئەویش لەڕێگەی دەربڕاوی "ڕقم لەوەیە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پێت بڵێم چی؟!... ئەم کتێبە خراپە پارە و دڵەڕاوکێ و کاتی تێچووە...". پاشان دەچێتە سەر باسی لەناوچوونی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی(Lodge: 1993, 209).

لە ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان"دا لە چەندین شوێن و بەش بەر دیدی ڕەخنەیی و نهێنی دونیای نووسین دەکەوین، کە ڕۆماننووس سەرکەوتووانە وەک گەمەی ڕۆماننووسین خستوویەتییە خزمەتی ئیستاتیکای گێڕانەوەکان و خۆدەربازکردن لە هەندێک بابەتی نەوتراو, هەروەک لە بەشی "فەرشەکەی سندیباد.. کۆبوونەوە لەسەر خوانی کتێب" دوای باسکردنی ڕۆمانی "هەموو سپێدەکانی جیهان"ی پاسکال کینیاری ڕۆماننووس دێتە سەر باسی نووسینی ڕۆمان و ئەرکی گێڕانەوە و کارنامەی لە ژیانی مرۆڤەکاندا:- ((دەزانی من لەو باوەڕەدام ڕۆمانەکان هاوسەنگی جیهان ڕادەگرن. ئەویش بە سەرسامییەکەوە وتی: مەبەستت لە هاوسەنگی جیهان چییە؟ منیش کەمێک سەرم لێ نزیک کردەوە و درێژەم پێدا: گرفتی مرۆڤ ئەوەیە بوونەوەرێکی کامڵ نییە و ڕۆمانەکان دەتوانن یارمەتیمان بدەن تا ئەو ناکامڵییەمان پڕ بکەنەوە و هاوسەنگی خۆمان و جیهان ڕابگرین، تۆ بیهێنە پێش چاوت ئەگەر ژیان، ڕۆمان و هونەری گێڕانەوەی تێدا نەبوایە، چەند نوقسان و سامناک دەبوو؟ من لە منداڵیمدا زۆر سەفەرم لەگەڵ سندیباددا دەکرد و بە فەرشەکەی ئەو دەچوومە زۆر جوگرافیا و شوێنی سەیرەوە. ئەگەرچی ئەوسا نەمدەزانی و ساڵانێکی زۆری ویست تا لەوە تێبگەم کە سندیباد دەیتوانی قەرەبووی خەونی فڕین و دەربازبوون لە هێزی کێشکردنمان بۆ بکاتەوە، بەو پێیەی کە ئێمە بوونەوەرێکی بێ باڵین))(محەمەد: ٢٠١٩، 61). یان لە شوێنێکی دیدا ڕۆماننووس باسی ئەرکێکی دی گێڕانەوە دەکات وەک هونەری لەیادکردن و دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە خەیاڵ و بیری خۆیان ((هەر بۆیە ئەو شەوە حەزمکرد بەسەر هاتی کووچە خوێناوییەکانی بۆ بگێڕمەوە تا ئارامی بکەمەوە و کەمێک لە خەیاڵەکانی دووری بخەمەوە، دەشێت ئەمەش یەکێک بێت لە سیحرەکانی هونەری گێڕانەوە))(محەمەد: 2019، ٩٤).

یان لە بەشی "تارمایی بکوژەکە.. ترسیش یەکێکە لە هونەرەکان" ڕۆماننووس بە گەمەیەکی هونەری خۆی لە کەموکورتییەکانی ڕۆمانی سێیەمی "چەتەکانی خەیاڵ"ی ناو ڕۆمانە بنەڕەتییەکە دەدزێتەوە و لە زمانی "ماریا"ی کارەکتەرەوە ئەوە بیری خوێنەر دەهێنێتەوە کە ئەگەر هەر سەرنج و کەلێنێکی بەدی کرد و وەک ژانری ڕۆمان پێی قبوڵ نەکرا، ئەوا ئەمە ژانری بیرەوەری و یاداشتنامەیە نەک ڕۆمان:- ((ماریا سەرسامی کردم و وتی: دەزانیت هەستدەکەم "چەتەکانی خەیاڵ" ڕۆمان نەبێت، بەڵکو زۆر بە بیرەوەری دەکات، بەڵام بیرەوەری کێ؟ ئەوە نازانم))(محەمەد: 2019، ٨٩).

یان لە هەردوو بەشی"نهێنی نازناو.. شێخ ڕەزا لە دەرەوەی یاساکە" و "نامەی دووەم نەتوانینی نووسین وەک پرۆژەیەک بۆ نووسین"دا کاتێک ڕۆماننووس باس لە پێوەندیی مرۆڤەکان بە ناوەکانیانەوە دەکات، دێتە سەر باسی نازناوەکان و لەنێویدا نازناوی شاعیرانی کلاسیکمان، لەڕێگەی شاعیرانمان ئازادییەکی تەواویان بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لەو حەز و خولیا و ئارەزوانەی ناخی خۆیان دەستەبەر کردووە، لە لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێگەپێنەدراو و قەدەغەن:- ((بیرتە شەوێک باسی ئەوەت کرد هەموو شاعیرە کۆنەکانتان نازناوێکیان بۆ خۆیان داناوە و شیعریان بەو ناوەوە نووسیوە، بەڵام بۆت باس نەکردم بۆ وایان دەکرد؟ منیش وتم: کاتێک ئیسلام دێت، شیعر حەرام دەکات، بەوپێیەی خەیاڵ لە پشتییەوە وەستاوە و مرۆڤ دەتوانێت زیادەڕۆی لە وەسف و زەمدا بکات و تا ئەو سـنوورە دنیاییانەش بڕوات، کە لەگەڵ بنەمای ئایینەکەدا ناکۆکن، بەڵام ڕێگای لە شـیعرێک نەگرت لە خزمەتی ئایینی ئیسلامدا بێت. هەر بۆیە شاعیرەکان ئەگەرچی لە حوجرەکانەوە هاتبوون، ڕێگایەکیان دۆزییەوە تا لەم تەڵەزگەیە دەربازیان بێت و لەبارەی شـتە دونیاییەکانی وەک عەشـق و جوانی و حەزەوە بدوێن، ئەویش بە دانانی نازناو بۆ خۆیان، وەک ئەوەی نازناوەکان بەجیا لە شاعیرەکان بژین و کەسانێتر بن، چونکە لە ئیسلامدا کاتێک مرۆڤ دەمرێت و لەدوای ناشتنی لەسەر گۆڕەکەی سروتێک ڕێکدەخرێت و مەلایەک بە یادی مردووەکەی دەهێنێتەوە ناوی چییەو کێیە. پاشـان فێری دەکات لەودونیا چی بڵێت و چۆن وەڵامی فریشـتەکان بداتەوە، بەڵام لە دۆخی شـاعیرەکاندا ئەوا بەناوی خۆیانەوە دەمرن، نەوەک نازناوەکەیان، وەک ئەوەی نازناوەکەیان گوناهبار بێت، نەوەک خۆیان. دیارە لە مێژوویەکی دوور و درێژیشـدا کەسـانێکی دەگمەن هەبوون لەم بنەما شـاراوەیە یاخی بوون و بێترس بەناوی خۆیانەوە نووسـیویانە))(محەمەد: 2019، 133). وەک هەمووشـمان دەزانین زۆربەی زۆری شـاعیرانی کلاسیکمان خوێندنیان لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بووە و پیاوی ئایینی بوون و لەناو خەڵکدا پێگەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیی تایبەتیان هەبووە، کە نابێت دوای حەز و ئارەزووەکانیان بکەون و دڵداری و خۆشەویستی بکەن و بەسـەر جوانی ئافرەتدا بنووسـن، چونکە لەگەڵ پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتییاندا ناگونجێت ((بۆیە دانانی نازناوێک لەبری ناوە ڕاسـتەقینەکەی خۆیان هۆکارێکی باشـە بۆ دەربازبوون لەو لۆمە و سـەرزەنشـتکردنەی بەهۆی پێگە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکەوە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، کە ئەوەی ئەو شیعرەی بۆ حەبیبە نوسیوە مەلا خدر نییە، کە پیاوێکی ئایینییە و پێگەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیی بەرزی هەیە، بەڵکو شاعیرێکی هەست ناسک و عاشقە کە ناوی "نالی"یە، ئەم نالییەی شاعیری عیشق و جوانی، زۆر جیاوازە لەو مەلا خدرەی کە کەسـێتییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیی هەبووە و باسـی ئایین و ڕێو ڕەسـمە ئاینییەکان و خواپەرسـتی بۆ خەڵک

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەكات))(عەزیز: 2022، 34). ئەم "نالی"یە گوێ بەو قەدەغەكراوانە نادات كە ئایین و كۆمەڵگە دیاریيان كردووە و پێویستە هەموو تاكێكی كۆمەڵگە و پابەند بە ئایینەكەوە پێوەی پابەند بێت، بە تایبەتیش پیاوانی ئایینی و ئەوانەی شارەزاییەكی زیاتریان لە ئاییندا هەیە و خاوەنی پێگەیەكی كۆمەڵایەتی و ئایینین دەبێت زیاتر پێوەیان پابەند بن، چونكە لە ئایین و تەنانەت لەناو كۆمەڵگەشدا ڕێگە بەوە نادرێت كەسێك بە ئاشكرا باسی جوانی ئافرەتێک بكات، باسی ئەندامەكانی جەستەی بكات، باسی خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەو ئافرەتە بكات، باسی حەز و خولیای خۆی بۆ بكات، كە ڕێگە بەمانە نەدرێت، ئەوا بە هیچ جۆرێک و زۆر زیاتریش ڕێگە بەوە نادرێت باسی ئەندامە هەستیارەكانی ئافرەت بكرێت "وەک ئەوەی نالی لە شیعرەكەی مەستوورەدا كردوویەتی"، هەموو ئەمانە بۆ مەلا خدرێكی ناو كۆمەڵگە قەدەغەن و نابێت باسیان بكات و بەلایاندا بچێت، بەڵام بۆ شاعیرێكی هەست ناسكی جوانپەرست و عاشقی وەک "نالی" ڕێگە پێدراون و هیچ لۆمە و سەرزەنشتێک ناكرێت، تەنانەت ستایشی دەكرێت و بە شاعیر و داهێنەر باسدەكرێت. واتە بەكارهێنانی ئەو نازناوە دەرگایەكی بۆ شاعیر كردووەتەوە بەرەو ڕووی ویست و حەزو خولیا ناوەكی و تاكە كەسییەكانی خۆی بچێت، وەک شاعیرێک لە ڕێگەی شیعرەكانییەوە لەناو ئەو لایەنە تاكەكەسییەی خۆیدا بژی و بە سەربەستی گوزارشتی لێ بكات، بەبێ ئەوەی هەم لە ڕووی ئایینی و هەم لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە لەسەری بكەوێت و بە لادان دابنرێت:- ((بەرامبەر ماریا وەستام و وتم: كاتێک كتێبەكەی لیسكانۆم دەخوێندەوە، شاعیرە كۆنەكانمانم بیرهاتەوە، كە هەریەكە و نازناوێكی بۆ خۆی دادەنا، بیرم لەوە دەكردەوە بۆچی "خدر" نازناوی "نالی"و "مەلا محەمەد"یش نازناوی "مەحوی" بۆ شیعرەكانیان دادەنێن؟ ئایا نەیاندەتوانی بەناوی خۆیانەوە شیعر بنووسن و بە توانای شیعرییان، لە كێش و سەروادا جێگایان بكەنەوە؟ یاخود نالی ناوی ئەو شاعیرەیە مەلا خدر لەخۆیدا دروستی دەكات؟ بەڵام مەحوی دووجار نووسەر لە خۆیدا دروست دەكات، ئەویش دوای "مەشوی"، كە دڵنیانین چی بەسەرهاتووە، مەحوی دروست دەكات))(محەمەد: 2019، 13٨).

یان لە بەشی "ڕاكردن لە بادا.. لەبارەی ئەدەبی بێتاقەتییەوە نادوێم" ڕۆماننووس زۆر بابەت و سەرنجی ڕەخنەیی لەسەر شێوازی نووسینی نامەیی و ئەدەبی سۆزداری و ئەدەبی نائومێدی و بێتاقەتی و نووسینی یاداشتنامەیی و پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر دەدوێت و كۆمێنتی خۆی لەسەریان دەدات، هەروەک لەبارەی بژاردەی نێوان نووسەربوون و خوێنەربووندا دەڵێت:- ((ماریا پرسیاری ئەوەی لێكردم كە تا ئێستا هەوڵی نووسینم نەداوە؟ منیش بۆم ڕوونكردەوە، كە بیرۆكەی نووسینم هەیە و هەندێكجار تێبینییەک یاخود شتێک دەنووسم، چونكە خوێنەر ئەو شتە دەخوێنێتەوە كە ئارەزووی لێیەتی و دەیەوێت، بەڵام نووسەر تەنیا ئەو شتە دەنووسێت كە لە توانایدایە. ئەو قسەیەش مریەمی سەرسامكرد))(محەمەد: 2019، 154).

بە كورتی لەم دوو ڕۆمانەدا ڕۆماننووس سوودێكی زۆری لە بەكارهێنانی تەكنیكی میتاڕۆمان وەرگرتووە و بونیادی گێڕانەوەكانی پێ دەوڵەمەنتر كردووە، وەك چۆن بە میتاڕۆمان دەستپێدەكات ئاواش بە میتاڕۆمان كۆتاییان پێدێنێت، وەك چۆن بە دواندنی خوێنەر دەستپێدەكات ئاواش بە دواندن و چاوەڕوانی خوێندنەوە و بیر و ئایدیای جیاواز لای خوێنەر كۆتایی بە ڕۆمانەكەی دەهێنێت، واتە گرنگی و بایەخی ئەم ڕۆمانە پێوەست بە هونەری میتاڕۆمانەوە لەوەدا دەردەكەوێت، كە خوێنەرەكانی ڕزگار دەكات لە بێ ئەركی و بێ كارنامەیی، خوێنەر جیادەكاتەوە لەوەی تەنیا وەك خوێنەری ئاسایی هەر خوێنەر بێت و بەس، بەڵكو لە هەنگاو بە هەنگاوەكانی نێو پرۆسەی گێڕانەوەگەرییەكان حزوری هەیە و بایەخی بۆ دادەنێت، لەگەڵ خۆی پەلكێش و بەشدارانە بەر بیرۆكەی جیاواز دەكەوێت و خۆتیابینینەوەیەكی فەنتازییانە لای خوێنەر بەجێدەهێڵێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئـــەنجـــــــام**

1- میتاڕۆمان لە تەکنیکی جۆرایەتی هونەری گێڕانەوەگەرییەوە درێژبووەتەوە بۆ جۆرێکی سەربەخۆی ڕۆمان، بۆیە هەم تەکنیکە هەم جۆرە.
2- میتاڕۆمان لەسەر خوێنەر دواندن و کەمەندکێشکردنی خوێنەر خۆی دادەڕێژێت، بە جۆرێك کە جیایدەکاتەوە لە خوێنەری باوخوازی بێ ئەرك.
3- ئاشنابوونی ڕۆمانی کوردی بە هونەری میتاڕۆمان خۆی لە خۆیدا دانەبڕانی ڕۆمانی کوردییە لە هونەر و تەکنیکە نوێباوەکان و بەردەوامیدان بە خۆنوێکردنەوە و تازەگەری و بەرهەمهێنانی چێژی جیاواز لەلای خوێنەر.
4- عەتا محەمەد یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی لێزانانە خۆی لەم تەکنیکەدا دۆزیوەتەوە، بۆیە زۆربەی ڕۆمانەکانی بەم جۆرە تەکنیکە دادەڕێژێت و لەداهاتووشدا دەبێتە شوناس و ناسنامەی جیاکاری بۆی.
6- خوێنەری ڕۆمانەکانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" و "گێلاسی خوێن" بێ ئەرك و کارنامە نییە، بەڵکو دەبێت هەوڵی پێکەوەبەستنی گێڕانەوەگەرییە جیاوازەکانی ناو حیکایەتەکان بدات و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت چۆن وەڵامی فەنتازیا و سەرسامییەکانی نێو گێڕانەوەکان بداتەوە، کە ئەمەش کارنامەی سەرەکی هونەری میتاڕۆمان و تەکنیکە جیاوازەکانییەتی.

*1 ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی دکتۆرا بە ناونیشانی: هونەری میتاڕۆمان لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەددا.
*-2 هەروەک لەم شیعرەدا دەڵێت: زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە - چراغی نازم و مونشی کوژاوە
لەدەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە - ئەگەرچی مەقسەدە، زانینی باوە (کۆیی: 2707، 99)

**سەرچاوەکان**

- **ڕۆمان**

- محەمەد، عەتا(2019), ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان..عەبدولخالق خەونی بە کتێبێکی ترەوە دەبینی، چاپی دووەم, ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی.
- محەمەد، عەتا(2007), گێلاسی خوێن، یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- **کتێب**

**بە زمانی کوردی**

- العشری، فتحی(2013) ناتالی ساروت و هەڵچوونەکان و ڕۆمانی نوێ، و: لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.
- بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیر- بەرزنجی، عەلی تاهیر"د"(2024)، کلیلدان، فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ڕۆژبەیانی، زاهیر(2008)، چیرۆکی هونەریی کوردی- شێوە و شێواز و بونیاد، چاپخانەی خانی، چاپی دووەم، هەولێر.
- ڕەشید، سابیر(2007) ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ژووڤ، ڤەنسان(2012)، بووتیقای ڕۆمان، و: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی"د"، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- کۆیی، دیوانی حاجی قادر(2707)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران- کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی: مەسعوود محەمەد، شارە کتێبی میدیا، سنە.
- عەزیز، بێستون عارف(2022)، بابەت و تەکنیک لە دەقی ئەدەبیدا، چاپخانەی تاران, سلێمانی.
- هادی، سیامەند(2004)، مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی**

- الجرماني، آراء عابد"د"(2022)، الميتا سرد في الرواية العربية، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، سوريا.
- القاضي، محمد(2010)، معجم السرديات، دار محمد على للنشر، تونس.
- باشا، عبدالرحمن(2001)، الروايه الكرديه، دار اراس للطباعه والنشر، مگبعه وزاره التربيه، الطبعه الاولى، كوردستان العراق.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

- بورنوف، رولان - اوئيليه، ريال(1991) عالم الرواية، ت: نهاد التكرلی، الطبعه الاولی، وزاره الثقافه والاعلام، دار الشؤون الثقافيه العامه، بغداد.
- التكرلی، نهاد(1985), الرواية الفرنسيه الجديدة، الجزء الاول، دار الحرية للطباعه، بغداد.
- ثامر، فاضل(2013)، المبنى الميتا- سردي في الرواية، دار المدى، بغداد، العراق.
- جاسم، عباس عبد(2005)، ما وراء السرد- ما وراء الرواية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، العراق.
- خريس، أحمد(2001)، العوالم الميتاقصية في الرواية العربية، دار الفارابی، الطبعة الأولى، بيروت.
- حمداوي، جميل(2018)، الميتا سرد في القصة القصيرة بالمغريب، دار الريف للطبع و النشر الإليكترونى، المملكة المغربية.
- ف.ف كوزينوف(1986)، الروايه ملحمه عصر الحديث، ت: جميل نصيف التكريتى، الطبعة الثانيه، دار الشؤون الثقافية العامة افاق عربية، بغداد.
- قضاة "د"، محمد احمد(2000)، التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- عناني، محمد"د"(2003)، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة معجم إنجليزي- عربي، الطبعة الثالثة، الشركة المصرية العالمية للنشر، لونجمان، شركة أبو الهول للنشر.
- يقطين، سعيد(2012)، قضايا الرواية العربية الجديدة، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

**به زمانی ئینگلیزی**

-Barth, John(1995), The Literature of Exhaustion.Metafiction, Ed. Mark Currie, New York.
-Baldick, Chris(2001), OXFORD university press- Second edition Published- UK.
-Ellis, B. A, William Neal(1978), Front of fiction the theory and practice of William H. Gass, Submitted to the Graduate Faculty of August.Gass, William H.(1970), Fiction and the Figures of life, Trent University Library, New York.
-Hawthorn, Jeremy(1985), Studying The Novel: an introduction, Publisher: Londein Arnold, London, UK.
-Hutcheon, Linda(1980), Narcissistic Narrattive: The Metafictional Paradox: Wilfrid Laurier University Press Canada.
-Karadaghi, Rashid"PhD"(2012), The Azady- English- Kurdish, Dictionary, Third Edition, Published by: Nashr Ehsan.
-Levine, Jeremy A(2015), Metafiction as Genre Fiction, Scholarly Undergraduate Research Journal at Clark: Vol 1, Article 8.
-Lodge, David(1993), The Art of Fiction, Viking Penguin, USA.
-Longman Dictionary of Contemporary English for advanced learners(2009), Fifth edition, Publisher: Harlow- Pearson Longman.
-Prince, Gerald(1989), A Dictionary of Narratology, University of Nebraska Press, USA.
-Waugh, Patricia(1984), Metafiction The Theory and Practice of Self-Conscious Fiction, Routledge, London.
-Wales, Katie(2014), A Dictionary of stylistics, Third Edition, Published by Rout ledge, New York-USA.

**به زمانی فارسی**

- داد، سیما(1378)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، واژەنامه مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اوروپائی بەشیوه تطبیقی توضیحی، انتشارات مروارید، تهران.
- صدری افشار، غلا محسین- حکمی، نسرین- حکمی، نسترن(1381)، فرهنگ معاصر فارسی، یک جلدی، ویراست جدید، چاپ سوم، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- صادقی، جمال میر- صادقی"ذوالقدر"، میمنت میر(1388)، واژەنامه هنر داستان نویسی، فرهنگ تفصیلی اصطلاح های ادبیات داستانی، چاپ دوم، نشر کتاب مهناز، تهران.
- مردابادی, سعید سبزیان- کزازی, میر جلال الدین"د"(1388)، فرهنگ نظریه و نقد ادبی، واژگان ادبیات و حوزەهای وابسته انگلیسی- فارسی، انتشارات مروارید، تهران.

- **بڵاوکراوەکان**

- تەرەغە، محەمەد(2010)، خوێندنەوەی چیرۆکی چەتە لەڕوانگەی میتافیکشێنەوە، گۆڤاری ڕامان، ژ: 161.
- حاجی، سەنگەر قادر محمد"د"- کریم، دیار محمد(2022)، میتارۆمان لە ئەدەبی کوردیدا (ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان بەنموونە)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی"5"، ژ: "3", هەولێر.
- ڕەشید، فوئاد"د"(2009)، تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە دەقی "ناوێ لەم تێکستە بنێ"دا، گۆڤاری ڕامان، ژ: 141.
- ڕەسوڵ، گزنگ حسن(2024)، میتاگێڕانەوە شێوازێکی نووسینی گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەدا و پراکتیزەکردنی لە کورتەچیرۆکی "مام وسوو"ی "عەبدوڵلا سەراج"دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی "B"، ژ: ٨2.
- سەڕاج، هاشم(2018)، زێبرا و میتاگێڕانەوە و مەینەتییەکانی نووسین، گۆڤاری ڕامان، ژ: 249+250.
- عارف، حسەین(1977)، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای"1970"دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ: 63, سلێمانی.

- **نامەی ئەکادیمی بە زمانە جیاوازەکان**

- الخطیب، عبدالله عمر محمد(2006)، النسیج اللغوي في روایات الطاهر وطار، أطروحة دکتوراه، کلیة الدراسات العلیا، الجامعة الأردنیة.
- ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خواروو ساڵی (2000- 2010) ز، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ساڵی 2012.
- شابو، سهام(2018)، المیتاقص في الروایة العربیة والجزائریة روایة سمیر قسیمي "تصریح بضیاع" أنموذجا، رسالة ماجستیر، جامعة 8 مای 1945 قالمة.
- عەلی، ڕوناک سەڵاح(2024)، میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەڕاج)دا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- غازی، محمود- عادل، احمد"2021"، جمالیات المیتاسرد في فنون ما بعد الحداثه، جامعه حلوان.

- **پێگەی ئینتەرنێت**

- https://www.geneseo.edu/~johannes/Metafiction.html
- Fr.wiktionary,org/wiki/meta-roman
- en.Wikipedia.Org/Wiki/The-Counterfeiters-(novel).
- https://sv.wikipedia.org/wiki/Metaroman

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)